کردنەوەی درگایەك بۆ باس لە سەر

فێدرالیزم

لە ئاڵمان

نووسینی: ئۆرسوڵامۆنخ و هاینز لۆفەر

وەرگێڕ: ناسر بابامیری

کردنەوەی درگایەك بۆ باس لە سەر فیدرالیزم لە ئاڵمان*

نووسینی: ئۆرسوولامۆنخ و هاینتزلۆفەر

وەرگێڕانی: ناسر باپامیری

---

* ئەم بابەتە وەرگێردراوی فەسڵی ای کتێبی (Das foderative System der Bundesrepublik Deutschland) سیستمی فیدرالیو لە کۆماری فیدراڵی ئاڵمان) ە، کە لە لایەن " ناوەندی بارهێنانی سیاسی فیدراڵی ئاڵمانەوە لە ساڵی ١٩٩٧ چاپ و بلاوبووەتەوە. ئەو شوێنانەی پێویستی بە رووونکردنەوە بووبێ پێی "م" واتە موتەرجیم لە پەراوێزدا هێناوە و تەئکید لە منەوەیە.

ناوەرۆک

پێشەکی

گۆشە نیگاکانی باس لە سەر فیدرالیزم

بابەتە گرینگەکان لە باسی فیدرالیزمدا

رەوتی فیدرالیزم لە ئاڵماندا

هۆکارەکانی بوون و ئامانجی فیدرالیزم

لایەنە باشەکانی رێکخستنی فیدرالیستی

عەیب و کەموکوڕی رێکخستنی فیدرالیو

بابەتی رۆژبوونی بۆچوونی فیدرالیزم لە ئاستی جیهاندا

سەرچاوەکان

- گۆشە نیگاکانی باس لە سەر فێدرالیزم

ئەسڵی بیستەمی یاسای بنچینەی ئاڵمان دەڵێ: "***کۆماری فێدرالی ئاڵمان وڵاتێکی فێدڕاتیوی دێموکراتیکە لە سەر بناغەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دامەزراوە.***"

ئەمەئەسڵە بەردی بناغەی یاسای بنچینەیی ئاڵمانە کە قەوارەی سیاسی ئەم وڵاتەی شکڵ پێ داوە و قەوارەی فێدرالی روون و شەفاف کردووە. بەم پێیە هەرێمە یەکگرتووەکانی ئاڵمان لە ئاستێکی یاسای زۆر بە هێزدان.

یاسادانەرانی ئاڵمان لە ساڵەکانی ١٩٤٨-٤٩ بڕیارێکی ئاگایانەیان دا کە سیستمی سیاسی ئاڵمان نابێ بە شکڵ و شێوەی تاکە دەوڵەت و موتەمەرکز اهەموو شتێک لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە دیاری بکرێتا بێت و ئەمە بە هاودەنگی و پشتیوانی وڵاتانی سەرکەوتوو لە شەڕی دووهەمی جیهانی هاتە ئاراوە، تەنانەت بەرەکانی پاش شەڕیشی بۆ قەبڵاندن و پەزێرا بوونی هێنایە پشت سەر خۆی، دامەزرێنەرانی یاسای بنچینەیی بە پێی تێبینییەک کە لە مادەی ١٩٤٩ای یاسای بنچینەیدا هێناویانە، هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێک لەم بابەتەوە لە یاسادانەران دەستێنێتەوە. واتە ئەم بەندە زامن و گارانتی مانەوەی بەردەوامی ئەم سیستمەیە. سەرەڕای ئەمەش هەڵەیە ئەگەر بگوترێ سیستمیک کە یاسای بنچینەیی پێناسە دەکات شتێکی

نەگۆڕە و جێگای دەست تێوەردانی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە چاوخشاندنێک بە مێژووی ئەم سیستەمەی پاش ساڵی ١٩٤٩ دەریدەخا کە قەوارەی فێدرالیستی لە ئاڵمان واتە پێوەندی دەوڵەتی فێدرال لەگەڵ هەرێمەکان بەردەوام لە گۆڕاندا بووە. لە ئاڵمان سیستمی دەوڵەتی فێدراتیو بەردەوام خۆی لەگەڵ هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و کولتووری سیاسی زاڵ دا گونجاندووە.

بە تایبەت ئەم سیستمە دەبوو کاتێک هێزی گۆڕان و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکە وەدەرخات، کە پێویستی و پێداویستی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکان دەیانخواست.

بە پێی ئەو فاکتەرانەی کە لە سەر قەوارەی فێدراتیو کاریگەریان هەیە، دەردەکەوێ کە بۆ لێکۆڵینەوەی میکانیزمی فێدرالی لە ئاڵمان نابێ تەنیا لە گۆشە نیگای یاسای بنچینەیەوە سەیری بابەتەکان بکرێ، بەڵکوو دەبێ لە گۆشە نیگاکانی دیکەیشەوە سەیری ئەم میکانیزمە بکرێ، چونکە لە سیستمە فێدراتیوەکاندا، بە تایبەت هێندێک جار پێش‌دێت واقعیات و راستی عەینی سیاسی لە شکڵ و شێوەی یاسایی دوور دەکەونەوە.

مێژووی راستیەکان لە هێندێک وڵاتاندا پیشانیداوە کە بە بوونی سیستمی فێدراڵیزم ئەو میکانیزمانە دەتوانن بێنە کایەوە کە لە یاسای بنچینەیی دا ناوێکی لێ نەبراوە و بەم پێیە

وێنەیەکیتر لە قەوارەی فیدراتیوی سەبارەت بە یاسای بنچینەیی ئەو وڵاتە پەیرەو دەکرێت، بۆ وێنە لە ئاڵمان لە ڕێگای "شوٚرای هەرێمەکان"ەوە فیدرالیزم لە ژێر ناوی "بنەمای حزبەکان" پاشەکشەی پێدەکرێ، بە بێ ئەوەی ناوێک لە وەها بنەمایەک لە یاسای بنچینەیدا کرابێت.[1]

پێوەندی ئابووری و ماڵی نێوان دەوڵەتی فیدرال و دەوڵەتانی هەرێمەکان یەکێکیتر لە و وێنانەیە پیشانی دەدا کە چۆن سیاسەت دەتوانێ چۆتایەتی بەرێوە چوونی بناخەکانی فیدرالی بێنێتە ژێر دەسەلاّت و کاری تێبکات، بابەتێک کە لە یاسای بنچینەیی دا هیچ ئامازەیەکی پێ نەکراوە، بۆ وێنە ئەگەر دەوڵەتی فیدرال بیهەوێ لە بواری ماڵیەوە یارمەتی دەوڵەتانی هەرێم بدات و ئەمە گرێ بدات بە هێندێک ئاڵ و گوٚڕ لە ناوەرۆک دا ئەم باسە دەتوانێ لە هەل و مەرجێکی تایبەتدا ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە سیستمی فیدرالیستی وڵاتدا، و قورسایەکە لە

[1] ئەوەی کە لە ئاستی سەراسەریدا و لە ئاستی حکوومەتی فیدرالّدا، هەرێمەکان بتوانن زەحمەت و کوٚشاری کارێگەری پێ بخەنە سەر یاسا دانەران و هەر وەها ڕەوتی گۆڕانکاریە سیاسیەکانی پێ لە بار کەن شوٚرای هەرێمەکانە. لەم شوٚرایە دا هەر هەرێمە بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی ۶۹ کەس ئەندامی هەیە و ئەم ۶۹ کەسە لە لایەن هەر کام لە ۱۶ دەوڵەتی هەرێمەکانەوە دیاری دەکرێت و ئەم دەوڵەتانە هەرێمانیش لە لایەن حزبەکانەوە ئیدارە دەکرێن. بەم پێیە حزبەکان کارێگەرییەکی یەکجار زۆریان لە سەر توانستەکانی فدرالی هەیە و ئەمەش ڕێک مەسەلەیەکە کە لە یاسای بنچینەیی دا لە بەر چاو نەگیراوە.

هاوکێشەی سیاسیدا بە زیانی هەرێمەکان و بە قازانجی دەوڵەتی ناوەندی بگۆڕێ.

مەسەلەیەکی تر کە لە پاڵ ڕەوتە سیاسی و ئاکتۆرە سیاسیەکاندا دەبێ سەرنجێکی گرینگی بدرێتێ، ئەوەیە کە فێدرالیزم لە نێو خەڵکدا چەندە جێکەوتووە و چەسپاوە. بۆ وێنە لە هێندێک لە وڵاتانی فێدراتیو دا پێشوازی و ئامادەیی خەڵک بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و وەرگرتنی ئەو فرەچەشنییە کە لە دابەش کردنی ئەرکەکان لە سیستمی فێدرالیستی ئاڵمان دا هەیە زۆر زیاترە. و ئەم وەزعە خۆی یەکێک لە گرفتە بەرچاوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵگای فێدرالیستیە. و ئەم هەوڵەی گەورە بەرپرسانی سیاسی کۆمەڵگا بۆ بە سەرەنجام گەیاندن و وەدیهێنانی ئاواتە لە مێژینەکانی خەڵک و بۆ ژیانێکی هاوسانە کە زۆر جار بوٚتە هۆی دابەزانی بایەخ و ئێعتباری توانستی نیزامی فێدرالیستی، ئەمەش بوٚتە هۆێک کە خەڵک ڕازی نەبن چونکە زۆر جار سیاسی کارەکان بە بیانووی بەرداشتی سیاسی خۆیان و هەوڵەکانی هاوسان کردنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک پێش هەمووشتێک کەوتوونەتە بیری پێک هێنانی جۆرێ دەسەڵاتی گەورەی سیاسی.

٢- بابەتە گرینگەکان لە باسی فیدرالیزم دا

باس کردن و شی‌کردنەوەی شێوەکانی کاریگەری دانان و دامەزراوەکانی سیستمی فیدرالی و گۆڕانکاریەکان لە درێژماوەدا دەبێتە هۆی زیاتر ناسینی هێندێک لەو بابەتە گرینگانە. دیارە دەبێ لە بیرمان بێ کە مانایەکی پڕ بە پێست کە هەموو گرینگییەکانی ئەو بابەتانەی بۆ فیدرالی هەن لە خۆ بگری وجوودی نییە.

گرینگتر لە هەموو بابەتەکان مانای "فیدرالیزم"ە، بابەتەکانی دیکە زیاتر لە خزمەت پێشاندانی شێوەی ئاڵ و گۆڕ و ئاراستەکانی وڵاتانی فیدرالیدا بە کار هێنراون. بۆ وێنە دەستەواژەگەلی وەک "یونیتا ریزاسیون (ئاوەند گەرایی) و "دسانترالیزاسیون" (تەمەرکوز زودایی یان لامەرکەزیەتی)".

"فیدرالیزم" بەو بنەمایە لە ڕێکخستنی قەوارەیی وڵات دەگوترێ کە تێیدا هەموو بەشە جۆراوجۆرەکان کە مافی یەکسان و سەربەخۆیان هەیە، بۆ پێک هێنانی دەسەڵاتێکی گەورەی سیاسی یەک دەگرن.[1] تایبەتمەندیەکی ئەم سیستمە ئەوەیە کە ئەندامانی پێک هێنەر (واتە دەوڵەتانی هەرێم و دەوڵەتی فیدرال) گەرچی جیا لە یەکتر و سەربەخۆ کاردەکەن، بەڵام لە پێوەندیەکی چڕوپڕیشدا کاری ئیدارەی وڵات بە ئەنجام دەگەیەنن. ئەم جیاوازیە زۆر جار وەک فرە چەشنی بوون لە

یەکگرتوویدا ناوی لێدەبری. جیاوازی و جۆراوجۆر بوونی ئەم سیستمە لەوەدایە کە هێندێکیان فرەچەشنی بوونەکەیان زۆر بەر چاوە و هێندێک یەکگرتوویەکە زیاتر بۆیان جێی بایەخدان و بەرجەستەکردنەوەیە، هاوشێوە بوونی رادەیی ئەندامان پێش مەرجی فێدرالیزمە، بەو مانایە کە بێ لانیکەمی هاوسانی و هاوشێوە بوون یەکگرتن مسۆگەر نییە. پێش مەرجێکیتری فێدرالیزم ئەوەیە کە هاوسانی و هاو شێوەبوون لە رادەی خۆی تێپەر نەبێ. لە پاڵ تایبەتمەندیەکان قازانج و باوەرە هاوبەشەکان دەبێ تایبەتمەندیەکانی ئەندامانیش لە بەرچاوبگیرێ و ئەم فرە چەشنیە بەرەنگاری لە پێک هێنانی دەوڵەتێکی یەکپارچەی تاقانە بکا.

دەتوانین فێدرالیزم وەکوو سیستمێک چاو لێ بکەین کە لە نێوان دوو سیستمی کونتراست واتە دژبەیەک هەڵکەوتووە. لایەنێک سیستمی بەهێزی دەسەڵاتخوازی ناوەند و لایەنێک ئەو هەرێمانە کە هەرکامە بە شێوەی تەواو سەربەخۆ ئەرک و کارەکانیان رادەپەرێنن و هەست بە بوونی دەوڵەتێک یەکپارچە ناکرێ. بەم پێیە فێدرالیزم سیستمێکە کە ئامانجی، راگرتنی هاوسەنگی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتە هەرێمەکانە بە بێ ئەوەی بهێڵێت یەکیان قوربانی ئەوی دیکەیان بێت.

حکوومەتی فیدرال بەو چەشنە پێکهاتە و دابەش کردنە لە وڵاتان دەگوترێ کە لە پێوەندی و پێکەوە بوونی دوەڵەتانی ناسەربەخۆی وەک اهەرێمەکان) پێک دێن، سەربەخۆیی دەوڵەتی یان نەتەوە تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیدایە. بەم پێیە چ دەوڵەتی ناوەند و چ دەوڵەتە هەرێمیەکان خەسڵەت و ناسنامەی دەوڵەتیان هەیە. لە دەوڵەتی یەکپارچەدا هەموو بڕیار و دەسەڵاتەکان لە ناوەندەوە دیاری دەکرێ و پەیرەو دەبێ، لە حاڵێکدا لە دەوڵەتی فیدرالدا ئەم ئاستە لە دەسەڵاتداری بە جۆرێک لە نێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی ناوەندی دابەش دەکرێ کە هیچکام لەو دوو ئاستەی دەسەڵات نەتوانن لە ئاستی سەلاحیەت و توانای بڕیاردانیان دا هەنگاوی زیاتر هەڵبگرن.

ئەگەرچی ئەم دابەش کردنە ئاڵ و گۆڕی تێدایە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین باسێک لە سەر فیدرالیزم بوونی قەوارەیەکی دەوڵەتی بکەین دەبێ ئەو دەوڵەتە، ئەم لایەنەجۆراوجۆرانەی خوارەوەی هەبێ:

– دەبێ ئاستی دەسەڵاتی ئەندامانی واتە دەوڵەتانی هەرێم دیاری کراو بێت تا لە ژێر ناوی ئەو بەرپرسایەتیە و بە پێی بڕیارەکانێکی سەربەخۆ بتوانن خۆ ئیدارە بکەن.

- ئەم دەوڵەتە هەرێمانە دەبێ لە بواری ئابووری و ماڵیشەوە ئەوەندە سەربەخۆییان هەبێ کە بتوانن بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانە کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دیاری کراودا پێیان ئەسپێردراوە بە باشترین شێوە خۆیان تەیار کەن.

- دەوڵەتە هەرێمیەکان جگە لەم خاڵانە کە باسمان کرد دەبێ ئیمکانی بەشداری کردن لە چارەنووسی سیاسی وڵات و شکل پێدانی ئیرادەی سیاسی دەوڵەتی ناوەندیان بدرێتێ و ئەمە دەبێ وەک بنەمایەک لە یاسای بنچینەی وڵات دا بنووسرێ و زەمانەت بکرێ.

یەکێک لەو لایەنە گرینگانەی کە ئەم قەوارە دەوڵەتیە لە سیستم و قەوارەی سیاسی دەوڵەتانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هیچ کام لەو دووئاستەی دەسەڵات لەم سیستمەدا ناتوانێ بە تەنیا لە هێز و دەسەڵاتی ئەویتر کەم یان زۆر کاتەوە. لە دەوڵەتێکی فێدرالیودا مافی سەربەخۆیی وڵاتانی ئەندام تەنیا بە هاودەنگی دوو لایەنە واتە ادەوڵەتی ناوەند و دەڵەتی هەرێماە، کە ئاڵ و گۆڕی تێدا پێک دێ. بەم پێیە لە قەوارەی فێدرالیدا مکانیزمێک هەیە کە ناهێڵێ هیچکام لە ئاستەکانی ادەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی هەرێما بڕیارەکانی خۆیان بە سەر یەکتردا بسەپێنن، بەم پێیە لەم وڵاتانەدا دوو ناوەندی بڕیاردان هەیە

یەکیان دەوڵەتی ناوەندی و ئەویتر دەوڵەتی هەرێمەکان کە بە "دووئالیزمی دەسەلات" پش ناو دەبردرێن.

نەتەنیا لە چوار چێوەی تاکە وڵاتێکدا، بەڵکوو لە نێوان چەند وڵاتی سەر بەخۆش دا کە بە بەستنی پەیمان قەوارەی فێدرالیستیەوە پێک هاتبێ لە واقعدا هەر "کۆنفێدرالیزم"ی پێدەگوترێ. لەم سیستمەدا: وڵاتانی یەکگرتووی ئەندام لە باری نێو نەتەویشەوە سەربەخۆن و مافی هاتنەدەر یان یەکگرتنەوەیان لە دەست خۆیاندایە. هەر بۆیە ئەمە بە سیستمێکی قەوارەیی نەگونجاو و لەرزۆک دەناسرێ، وێنە مێژوویەکان ئەم راستیانە بە باشی دەسەلمێنن. بە هۆی ئەو یەکگرتوویە لاوازەی کە بە پێی یاسای بنچینەیی ١٧٧٧ لە نێوان وڵاتانی ئەندامی کۆنفێدراسیون پێک هاتبوو و نەیتوانی چارەسەری ئەو کێشە ئابووری و سیاسیانە بکات کە لە ئاکامی شەری سەربەخۆییخوازانە لە دژی بریتانیای گەورە هاتبووە ئاراوە، کۆنفێدراسیونی ئەمریکای بەو باوەرە گەیاند کە لە نێوان ساڵەکان ١٧٨٧تا١٧٨١ فێدرالی وەک قەوارەیەکی گونجاو بۆ ئیدارەی وڵات هەڵبژێردرێ. وێنەیەکی تری ئەم چەشنە قەوارەی کونفێدرالیستی "یە کۆمەڵی هاوپەیمانانی سویس"ە لە ساڵەکانی ١٨٤٨تا١٨١٥ و هەر وەها "بوندی ئاڵمان" لە نێوان ساڵە کانی ١٨٦٦تا١٨١٥.

بۆ باس کردن سەربارەت بە فیدرالیزم جگە لەم بابەتانە کە لێی دواین دەستەواژەی دیکە زۆرە کە دەتوانیین تیشک بخەینە سەریان و شکڵە جۆراوجۆرکانی تری فیدرالی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا پێ بدەینە بەر باس و لێکدانەوەی جیاواز.

گۆڕانی هاوسەنگی هێز بە قازانجی دەسەڵاتی ناوەندی بە پێی ئەوەی کە ئەو گۆڕانە بە چ شێوەیەک سەری گرتووە و چۆن وەها عەینی سەری هەڵداوە، سەنترالیزە و یان "یونیتاریزە" بوونی قەوارەی دەوڵەتی ناودێر دەکرێ. ئەگەر چی تاریفێکی یەکدەست کە جێگا پەسەندی هەموو لایەنێک بێ نییە. بەڵام لە سەریەک ڕەوتی یونیتاریستی مەیل بە هاوشێوە بوون و ئاستی پێکهێنانی تەبایی لە ڕێکخستنی دەوڵەت و دەسەڵاتدا پێشان دەدا. هەرچەندە بەر پرسانی سیاسی وڵاتێک هەوڵ بدەن جگە لەو شێوە بنەما تاقانەیەی کە هەیە، گیروگرفت و مەسەلەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەرابەر چارەسەر بکەن، هەر بەو پێیە ئەو وڵاتە مەیلی هاوشێوەبوون و یونیتاریستی بوونی تێدایە. لە حاڵێکدا "سەنترالیزم" جگە لە مەیل بە تاقانە خوازی و پێک هێنانی یەکسانی لە بواری تایبەتدا،باسی ئەو پێوەندیە ئورگانیکە کە لە سەرەوە بۆ خواری داڕێژراوە دەکات.[٢] بەرهەمی ڕەوت و قەوارەی سەنترالیستی ئەوەیە کە ئورگانەکانی سەرەوەتر بڕیار دەدەن و ئورگانەکانی خوارەوە ملکەچی بە ئەنجام گەیاندنی

بڕیارەکانی، بەرپرسان لە سەرەوە چوار چێوە و شێوەی کار کردن بۆ خوارەوە دیاری دەکەن بە بێ ئەوەی هیچ جەشنە ئازادییەکی ئەوتۆیان لە بڕیارەکاندا هەبێت.

جیاوازیەکی تری سەنترالیزم و یونیتاریزم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پرسیارە کە ئەم یەکسانییە چۆن پێک هاتووە، ئەگەر ئەو مەیلانە تەنیا لە ڕێگای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی ناوەندیدا پێک هاتبێ، بە سەنترالیزم (ئەمەرکوز لە سەرەوە) ناو دێردەکرێ، بەڵام ئەگەر لە نێوان هەرێمەکان دا و لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا و بە هاوکاری وهاوئاهەنگییەکی ئازادانە بۆ ڕێکخستنی کراوە و پێشکەوتووانە بێ یونیتاریزم (مەیل بە هاوشێوە بوون) لە خوارەوە ناو دەبرێ، بەم پێیە مەیل و ڕەوتەکانی یونیتاریستی لە سەر خواست و هەوڵی ئازادانەی هەرێمەکان بۆ کەمتر کردنەوەی جیاوازیەکانی نێوانیانە بۆ وێنە لە بواری پەروەردە و راهێنان لە زانکۆ و مەکتەبەکان دەگەڕێتەوە نەک بۆ ئەو بڕیارەکان و ئاراستانەی دەوڵەتی ناوەندی. هەروەها هەرێمەکان دەتوانن لە دەوڵتی ناوندیخوازیاری یاسایەک بن کە ڕێگە خۆشکەر بێ لە بواری پێک هێنانی یەکگرتووی و یەکسانی نێوان هەرێمەکاندا.[٤]

سەرەرای هەمووی ئەم باسە زۆر جار سنوور بەندی نێوان ئەو مەیل و ڕەوتانەی سەنترالیزم و یونیتاریزم کە لە سیستمی فیدڕاتیودا هەیە دژوارە، هەر بۆیە کەمتر بۆ لێکدانەوە و دیاری

کردنی ئاڵ و گۆڕەکان سەبارەت بە وڵاتانی فیدراتیو لە یونیتاریزم کەڵک وەردەگیرێ و زیاتر سەنترالیزم بەکار دێت. هۆکارێکی دیکەی چاو پۆشی کردن لە جیاوازی دانانی نێوان ئەم دوو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم راستیەکە ئەم رەوت و مەیلانەی کە بەم بابەتانە دەبێ بدرێنە بەر باس زۆر جار لەسەر یەکتر کاریگەری دادەنێن، بۆ وێنە یونیتاریزم دەتوانێ بە هۆی ئەوە کە هەرێمەکان شێوەی کاری ئیداری و بەڕێوەبردنی ناموتەمەرکزیان هەیە کەم رەنگتر سەر هەڵبدات. لە بۆ چوون و تێگەیشتنە نوێکانی فیدرالی، ئاستی ناموتەمەرکز لە نێوخۆی هەرێمەکان واتە شارەکانیشدا دەخالەت دەدرێ[٥]، بەم هۆیە سنوور بەندی نێوان یونیتاریزم و سەنترالیزم کەم رەنگ دەبێتەوە و ئەم دوو بابەتە لەگەڵ یەک تێکەڵاو دەکرێن.

بەڵام جیاوازی نێوان ئەو دوو بابەتە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە تایبەتی چۆنایەتی کەڵەکە بوونی هێز لە ناوەند بە روونی باس دەکات، نەک لەو کاتەی رەوتی ئاڵ و گۆڕی وڵاتانی فیدرالی دەنێتە پشت سەر، لە دەوڵەتی یەکپارچەی تاقانەدا کە هێزی دەوڵەتی لە ژێر چنگی چەند ئۆرگانێکی تایبەتی ناوەندداییە باسێک لە سەربەخۆیی سیاسی ئۆرگان و بەشە جۆر بە جۆرەکانی ناوچە و هەرێمەکانی دەوڵەتانی هەرێم نییە و ناکرێ.

دەوڵەتانی یەکپارچە دوو جۆرن: موتەمەرکز و ناموتەمەرکز یەکەم "دەوڵەتی یەکپاچەی موتەمەرکز" هەموو بڕیارێک لە ناوەند دەدرێت بۆ وێنەکەی بە هەمان شێوە کە لەئاڵمانی رۆژ هەلاتی رابردوو وجوودی هەبوو. بەلام سیستمی یەکپارچەی دیکەمان زۆر هەیە کە کارو بڕیارەکان لە ناوەندا دیاری‌ناکرێ، بەڵکوو ولات بە چەند هەرێم یان ناوچە ئوەک شارەکان، حەوزە و پارێزگاکان) دابەش دەکرێن و هەر کام لەم بەشانە سەربەخۆیی بڕیاردان و ئیدارەکردنی خۆیان هەیە. ئەوەی کە سەرەڕای ئەم خەسڵەتانەش ناکرێ بەم چەشنە ولاتانە فیدرالی بگوترێ بەهۆی ئەم راستیەیە کە ئەم ناوچە دابەش کراوانە لە باری مافە ئینسانییەکانیانەوە لە ئاستێکی زۆر نزم دان و کاریگەرێکی زۆر زۆر کەمیان هەیە.

بەم پێیە یەکێک لە لایەنە بەرچاوەکانی دەوڵەتانی یەکپارچەی ناموتەمەرکز ئەوەیە کە تەنیا حکوومەتی ناوەند دەتوانێ پێش بە رێژەی توانا و هێز و دەسەلاتەکان لە دەوری یەکتر بگرێ. بەلام لە ولاتانی فیدرالی بەپێچەوانە، لەمە هیچ کام لە لایەنەکان چ لە ناوەند و چ هەرێمەکان بۆیان نییە و ناتوانن ئاستی دەسەلاتی یەکتر دیاری بکەن، لەم ولاتانە کە سیستمی دەوڵەتی یەکپارچەیان هەیە ئورگان و دام و دەزگا ناوچەییەکانی دەوڵەتی بەڕێوەبەری کارو بڕیارەکانی سیستمەکانی دەوڵەتی

ناوەنـدین، و زامنێکـی یاسـایی کـە بتوانـێ لـە بەرابـەر دەوڵـەتی ناوەنـدی دا پشـتیوانی و داکۆکیـان لـیٚ بکـات بـە زۆری وجـوودی نییـە. بریتانیـای گـەورە باشـترین وێنـەی ئـەم جـۆرە قـەوارە دەوڵەتیەیە:

_ لـەم وڵاتـەدا دەوڵـەتی ناوەنـدی "مارگـارت تاچێر" تـوانی لـە چـەند هـەنگاوێکی کردەوەییـدا وەهـا جێگـا بـە دەزگـا و ئورگانـە ناوچەیی و شاریەکان لەق بکا کە بـە تـەواوی سیمای وڵاتەکـە، کـە پێشتر لە قەوارەیەکی دەوڵەتی یەکپارچەی نا موتەمەرکز دا خۆی دەنوانـد، بـە بـارێکی تـردا بگـۆڕێ. بـەڵام لـە فەرانسـەدا بـە پێچـەوانەی ئـەم رەوتـە دەبینـدرێ. لـەم وڵاتـە لـە ئاکـامی ئـەو هەنگاوە کردەوەییانەی لەسەرەتاکانی دەیەی ٨٠ وە بۆ نەهێشتنی دیاری کردنی دەسەڵات لـە ناوەنـد دەکـرا، قـەوارەی دەوڵـەتی لـە سیستمێکی سوننەتی یەکپارچەی دەسـەڵاتخوازی ناوەنـدەوە گـۆڕا بـۆ سیستم و دەوڵـەتێکی یەکپارچە کـە دەسـەڵات تێی دا دابـەش کرابێ.[٦]

یەکێکتر لەو بابەتانەی دەبێ ئێمـە لـە بابـەتی فیدرالی جیای کەینەوە "رگیونالیزم"ە واتە (بزوتنەوەی ناچەوگەرایانە).

دەستەواژەی "ناوچـە" بـە زۆری بـە هـەرێم یان بەشێک لـە وڵات دەگوترێ کە بەهۆی چەند شتێ هاوبەشی دیاری کراو کـە خەڵکی ئەو ناوچانە هەیانـە بـە زۆری وەک چـەن ئاڵقـەیەکی زنجیر

لێکی هەڵپێکاون. بەمانای بەرتەسکی وشە ئەو ناوچانەی لە ژێر ناوی "ئورگانی هاوپێوەند" دان و ناسنامەی سەربەخۆیان هەیە لە زۆر بواریشدا مافی تایبەتیان دەدرێتێ.[٧]

دەستەواژەی "ناوچەگەرایی" لەم پێوەندیەدا بەو بزووتنەوانە دەگوترێ وا "بە پشت بەستن بە تایبەتمەندی خێڵەکی کولتووری و مێژووی خەڵکانێک کە لە ناوچەیەکدا دەژین، لە دژی دەسەڵاتخوازی و دمکوتان لە سەروەری دەسەڵاتی ناوەندی هەڵوێستیان گرتووە و خوازیاری خودموختاریەکی ناوچەیین و بەشێکیان بۆ جیا بوونەوە و پێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ تێدەکۆشن". بۆ وێنە لە پائیزی ١٩٩٦ رێبەری حزبی "لگانورد" ئومبرتوبوسی بە پشت بەستن بە وەها بزووتنەوەیێک هەوڵی دا خەڵکی باکووری ئیتالیا بەو باوەڕە بگەیەنێ و کۆماری سەربەخۆی پارانین دامەزرێنێ. ئەم وێنەیە زۆر بە باشی دەریدەخا کە ویستی بزووتنەوەی ناوچەگەرایانەیە تەنیا بە پاراستنی ناسنامەی کولتووری جەماوەری ناوچەکەوە نەبستراوەتەوە بەڵکوو زۆر ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندی ئابووری و ماڵی و ناوچەیی دیکەش لە خۆ دەگرێ.

دیارە دەبێ ئەو جیاوازیەی بزووتنەوەی سیاسی ناوچەگەرایانە کە لە دژی وڵاتانی ناوەند و ناچەکانی دیکە

هاتووەتە ئاراوە لەم "مەیلە ناوچەیی" یانەکە ئێستا لە یەکیەتی ئورووپادا هاتوونەتە ئاراوە لە بەر چاو بگیرێن.

بناخەی فکری و باوەری مەیلە ناوچەیەکان وایە کە دامەزراندنی قەوارەی سەروو نەتەوەیی تەنیا کاتێک لەگەڵ بەرژەوەندی شارۆمەندان یەک دەگرنەوە، کە شان بە شانی ئەو لە نێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا رەوتە پێچەوانە کەشی ، بۆ گەشە پێدانی قەوارە و دامەزراوە ناوچەیەکان لە جووڵەدا بێت.[٩] بەم پێیە ئامانجی ئەم مەیلە ناوچەییە ئەوەیە کە بابەتەکان و بەرژەوەندی ناوچەکان لە چوارچێوەی رەوتی بڕیارەکانی یەکیەتی ئورووپادا، سەرنجێکی زیاتری بدرێتێ و کاریگەری زیاتری لە سەر پرۆسەکان هەبێ، ئەویش بەچەشنێک کە جیا لە ناسنامە و پێگەی سیاسی و مافەکانی ناوچەکان بووبێت.

٣- رەوتی فیدرالیزم لە ئاڵماندا

لە نێو ئەو بابەتانەی کە باسمان کرد، بابەتی **فیدرالیزم** بە باشترین شێوە، جۆری رێکخستنی دەوڵەتی ئاڵمان باس دەکات و شی دەکاتەوە. قەوارەی فیدرالی ئاڵمان بە شێوەیەکی چالاکانە و بەردەوام خۆی لە گەڵ پێداویستیەکان و راستیەکۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەگونجێنێ. بەم پێیە ئەم قەوارەیە بەردەوام لە

گۆڕاندایە و ئەم زەرفیەتە کاتێ زیاتر دەردەکەوێ کە ببینین سیستمی فیدرالی ئاڵمان بە گۆڕانکاریەکانی قەوارەی فیدرالی توانیویەتی لە سەر یەک چەند قۆناخی جۆراوجۆر تێبەڕ کات لەوانە: قۆناخی یەکەم کە ساڵانی ١٩٤٩ تا کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ دەگرێتەوە و هاوسەنگی هێز بە قازانجی دەوڵەتی ناوەندی واتە دەوڵەتی فیدرال گۆڕا، ئەم ڕەوتە تەنیا بەرهەمی هەوڵ و بڕیارەکانی ئاگایانەی بەرپرسان و سیاسی کارانی چالاکی ئەو سەردەمە نەبوو، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ شکڵ و شێوەی ئەو نەزمە فیدرالیە کە هەر لە سەرەتادا لە یاسای بنچینەی ئەم وڵاتەدا دیاری کرابوو. هەروەها سوننەت و نەریت و پێشینەی قەوارەی فیدرالی وناموتەمەرکز بوون لە ئاڵمان دا دەورونەخشی خۆی لەم بوارەدا گێڕاوە.

لە حەفتاکاندا بە "فیدرالیزمی کئوپراتیو"، قۆناخی دووهەم دەست پێدەکات، هەڵبەت بۆ سیستمی فیدرالیستی ئاڵمان توانستی ئەم ترمنولۆژیە گیرو گرفتی خۆی هەیە، چونکە ئەم بابەتە دەسپێکی جۆرێک هاوکاری فیدرالی لە قۆناخێکی نوێ دەخاتە بەردەم دەوڵەتان، لە کاتێکدا مێژوی فیدرالیستی ئاڵمان بەردەوام لە پێوەندیەکی چڕوپڕی هاوکاری دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی ناوچەیی دا بوون. هاوکاری دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی ئەندام و ناوچەیی هەروەها هاوکاریە ناوخۆییەکانی

دەوڵەتانی ناوچەیی یەکێک لە پێناسە بنەرەتیەکانی هەر سیستمێکی فیدرالیستیە. بە زۆری بۆچوونی " فرە چەشنی یەکگرتوویی" تەنیا بە مانای پێشبڕکێی ئاستە جۆراوجۆرەکانی ئەم سیستمە نییە، بەڵکوو بەرینتر کردنەوەی پانتایی سیاسەتە هاوبەشەکانیش لە خۆ دەگرێ. لەم بوارانەدا کە بوونی سیاسەتێکی یەکدەست زەرووری و پێویستە، زیاتر دەوڵەتی فیدرالە کە لە سەر بناخەی یاسایی دانراوی فیدرال دەست بەکار دەبێت. ئەویاسا دانراوەکە دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێگەی شوڕای فیدرالەوە "bundesyat " تێیدا بەشداردەبن دەوڵەتی فیدرال و هەرێمەکان لە بەڕێوە بردنی ئەو ئەرکانەی کە کەوتووەتە سەرشانیان لەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتی دا دەتوانن گەرم و گوڕیێەکی هەرچی زیاتر بە هاوکاری وپشتیوانی نێوانیان بدەن.

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان دا ئەو ڕۆحی نزیکایەتی و هاوکاریە لە نێوان دەوڵەتی ناوەند و دەوڵەتانی هەرێم دا بە بەردەوامی بایەخێکی زۆرتری پێدرا، ڕەچاو کردنی وەها ڕەوتێک پێش هەر هۆکارێکی دیکە هۆی باوەری دەوڵەتی هاوپەیمانی لیبرال و سۆسیال دیموکراتی ئەوسەردەمە بوو کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانێ لەگەڵ گیروگرفتی ئابووری، قەوارەیی و گەشەسەندنی ئابووری بەوە دەزانی کە دەوڵەتی فیدرال و

دەوڵەتانی هەرێم لە توانایی کردەوەییەکانیان دا دەبێ هەرچی زیاتر خۆ هاوئاهەنگ و یەکگرتوو بکەن .

گۆڕانی موناسباتی ماڵی دەوڵەتی ناوەند لەگەڵ هەرێمەکان، وە پێک هێنانی دامەزراوەی جۆراوجۆری هاوبەش بە نوێنەرایەتی هەردوولایەن وە هەروەها هاوکاری نزیکایەتی زیاتر لە نێوان دوو ئاستی دەسەڵات بۆ باشتر بە ئەنجام گەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەوڵەت لە خزمەت ئەم ئامانجەدا بوون. بەڵام سیاسەتی " فیدرالیزمی کئوپراتیو" ئەوجۆرەی کە چاوەڕوان دەکرا نەیتوانی سەرکەوتنی زۆر گەورە بەدەست بهێنێ و جگە لەوەش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لایەنە مەنفیەکانی دەردەکەوتن: یەکەم بۆ شاروەند سەخت بوو بزانێ کە ئاستەکانی دەسەڵات چۆناوچۆنن و لە بواری جۆراوجۆر و تایبەتدا کام ئاستی دەسەڵات بڕیاردەدەن واتە دەوڵەتی ناوەند یان دەوڵەتانی هەرێم . دووهەم هەم سەربەخۆیی کردەوەیی هەرێمەکان ناکارامەبوو و هەم ڕێژەی توانستی دەوڵەتی ناوەندی، هەربەم هۆیە ڕەخنە لە سیاسەتی" فیدرالیزمی کئوپراتیو" و موشکیلەکانی سەقامگیربونی لە قۆناخی سێیەمی ڕەوتی فیدرالیزمی ئاڵمان ڕوو لە زیاد بوون بوو. ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سەرەنجە ئەو هەڵسەنگاندن و بەرداشتە مەنفیانەیە کە لەسیستمی فیدرالیستی دەکرا. بەتایبەت ئەو دژکردەوانەی کە لە بەرابەر شکڵ

وشێوەکانی سەرهەڵدانی "فیدرالیزمی کئوپراتیو" دەکران، لەوبەرداشتەی لێدەکرا کە چ بۆچوونێکی تۆخی ئیدئالیستی لە سیاسی کاران و توێژەرەوەکان دا سەبارەت بە ماهیەت و سیما و قەوارەی سیستمی فیدرالیستی بەرچاو دەکەوێ.

ئەم روانینە گیرو گرفت دەخولقێنێ ئەویش بەو هۆیە کە زۆرجاران زەینی و خەیاڵی سەبارەت بە فیدرالیزم بیردەکەنەوە و هەڵسەنگاندنیان هەیە، لەو وێنە رەچاوکراوە خەیاڵی وئوتۆپیایانە "فیدرالیزمی دووئال" (فیدرالیزمی دووچەشنی) یە، لەم بابەتەدا شکڵ و مۆدێلێک لە فیدرالیزم دەناسێندرێت، کە لایەنی بەرچاو و بنەرەتی، جیاکردنەوەی دووئاستی سیستەمی فیدراتیو (دەوڵەتی ناوەند و دەوڵەتانی هەرێماە. بە پێی ئەم بۆچوونە نەزمریە: هەرکام لەم دووئاستە ئازادیەکی ئێجگار زۆر دەبێ پشت بە خۆیان ببەستن و لە ژێرکاریگەری یەکتردا نەبن . ئەرکەکان و دەسەڵاتداری دەوڵەتی دەبێ بە شێوەیەکی رێک و پێک لە نێوان دووئاستی دەسەڵات دابەش بکرێ و هەرکامەیان دەسەڵاتی یاسا دانان و بەرێوە بردنیشیان بە مانای خۆی پێببخشرێ واتە پێویست بەوە ناکات پێکەوە کاربکەن. چونکە هەرکام لەم ئاستانەی دەسەڵات داهاتەکانیان سەربەخۆیە و بۆخۆیان بەجیاماڵیات دەستێنن، جیاکردنەوەی بابەتی ماڵی بۆ هەر دوولایەنەکە کارێکی دژوار نییە، وە هەروەها چونکە هیچکام

لە هەرێمەکان پێویستیان بە پشتیوانی ماڵی هەرێمەکانی دیکە و دەوڵەتی ناوەندی نییە، دەتوانن سەربەخۆیی سیاسی و کردەوەیی خۆیان بپارێزن. لە باسی سەبارەت بە ئەگەری گۆڕانی سیستمی فیدرالیستی هێندێک جار مۆدێل و شێوەی فیدرالیزمی دووئال وەک رواتگەیەکی نمادین (ئالگویی) دێتە نێوباسەکان، لە کاتێکدا سیستمێکی فیدرالیستی نابیندرێ کە بە پێی ئەم وێنەیە دامەزرابێت.

تەنانەت فیدرالیزمی چەشنی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە پێش ساڵەکانی ١٩٣٠ زایینی، هێندێک جار بە "فیدرالیزمی دووئال" ناویان لێ دەبرد، هەر لە سەرەتاوە هەموو شکڵ و شێوە جۆراوجۆرەکانی هاوکاری نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمەکانی دەناسی و پەیرەوی دەکرد. بە سنووردار کردنی دووناستی دەسەڵاتی فیدرالی لە ئەمریکادا و کێشانی دیواری چین لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمەکان و هەروەها بەم چەشنە مۆدێلە کە باسی لێکرا و کاریگەری و قازانجەکانی ناسێندرا لە ئەمریکا لە نێو خۆدا نەیدەتوانی یەکیەتیەکی وەها بە دەست بێنێ کە بە سەر هەموو گیرو گرفتە هاوبەشەکاندا زاڵ و سەرکەوتوو بێ.

ئەگەر چی ئەم شکڵ و مۆدێلە کە باسمان کرد پێوەندیەکی زۆری لەگەڵ راستی دیاردەکان نییە. باسی گەلێک لە نووسەرانی ئاڵمان

١١

بۆ لێدوان سەبارەت بە فیدرالیزم پێداگرییە لەسەر ئەوەی کە "ئەو فیدرالیزمەی کە لەیاسای بنچینەییدا قسەی لێکراوە قەوارەیەکی دووئالیستی بووە". بۆیە تاکوو باس و لێکۆڵینەوە لە سەر سیستمی فیدراتیو دەکرێ، راستیەکان و شکڵ و شێوەکانی سەرهەڵدانی فیدرالیزم لە ئاڵمان بەو بۆچوونە ئیدەئالیستی و خەیاڵیە کە لە فیدرالیزم هەیانە هەڵی دەسەنگێنن و پێشنیاراتێکی بۆ گۆڕانی ئەم سیستمە لێ هەڵدەهێنجێنن. لەم بۆچوونەی سەرەوەدا دوو فاکتی گرینگ لە بەرچاو نەگیراوە: یەکەم هەر سیستمێکی فیدرالیستی پێویستی بەلانیکەمی هاوکاری نێوان دەسەلاتەکان (فیدرال و هەرێمەکان) هەیە. تەنیا لە وەها حاڵەتێکدایە ئەم سیستمە سیاسیە لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ بابەتی ئابووری، ژینگە و کۆمەڵایەتی توانایە تایبەتەکانی دەردەکەوێ. دووهەم ئەم هاوکارییەی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و هەرێمەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەو پێشینە مێژووییەی فیدرالیزم لە ئاڵمان، بەم پێیە ئاوێتەیی و تێکەڵاوی دووئاستی دەسەلات هەرلە سەرەتاوە _ واتە لە کاتی پێک هاتنی "یۆندی باکووری ئاڵمان" لە ساڵی ١٨٦٧ وە "رایشی ئاڵمان" لە ساڵی ١٨٧١ لە یاسای بنچینەیی سیستمی فیدرالیدا نووسراوە وبەرەسمی ناسراوە. کەوایە هاوکاری نێوان بەشەکانی پێکهێنەری ئەم سیستمە پێویستی بە دۆزینەوەی سەرلە نوێ نییە، بەڵکوو ئەم دیاردەیە

لە ئاڵمان دا ئەزموون کراوە . هەر بۆیە لە سەرەتاوە مۆدێل و قەوارەی فیدرالیستی لە ئاڵمان دا چەشنێک "فیدرالیزمی لێک هەڵپێکراو و یەکگرتوو"ی (verbundmodell) خستە روو. ئەم قەوارە و مۆدێلە کە بە" فیدرالیزمی نێوخۆی وڵات"یش ناودەبرێ (intrastaatilcher foderealismus) خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیە:[٢]

_ دابەش کردنی دەسەڵات و سەڵاحیەتەکان نەک بە پێی بەشە جۆراوجۆرەکانی سیاسەت و یان ئەرکەکانی دەوڵەت (ئەوجۆرەی کە لە ئەمریکادا باوە)، بەڵکوو بە پێی جۆری سەڵاحیەتەکان دابەش کراوە: دانانی یاسا لە پلەی یەکەم دا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندی دایە، بەڵام بەڕێوە بردنی یاساکان بەرادەیەکی زۆر تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتانی ئەندام واتە هەرێمەکاندایە.

_ حکوومەتە هەرێمیەکان لە ڕێگای "شۆرای هەرێمەکان"ەوە لەگەڵاڵە کردنی یاساکان و شکڵ پێدانی ئیرادەی فیدرال لە ئاستی سەراسەریدا بەشداریان هەیە. دەوڵەتانی هەرێم لەلایەک دەتوانن لەسەر بڕیارەکان و تاکتیکە گرینگەکانی دەوڵەتی ناوەندی کاریگەری چارەنووس سازیان هەبێ، و لە لایەکی دیکە بۆ ئەو بڕیارەکانە کە لەلایەن خەڵکی هەرێمەکان بەتایبەت خاوەن دەنگەکانی بەشدار لە هەڵبژاردندا ڕەتکە

لێپرسینەوەی سیاسیان لێبکرێ، بۆیە لێرەدا ئەوە دەسەلمێ کە سیاسەتی فیدرالی و سیاسەتی هەرێمی وەها ئاوێتەی یەکتر دەبن کە زۆر جار دەوڵەتانی هەرێم و پارلمانی هەرێمیش بە هاسانی ناتوانن سەربەخۆیی خۆیان بە تەواوی مانا بپارێزن .

_بە هۆی دابەش کردنی سەلاحیەتەکان، دەسەلاتەکان و هەروەها بە هۆی ئەم راستیە کە دەوڵەتانی ئەندام لە رێگای ئۆرگانێکی ناوەندی وەک اشۆرای هەرێمەکان) کاریگەریەکی چارەنووس سازی بەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا هەیە، هەرکامە لەو دووئاستەی سیستمی فیدرال واتە دەوڵەتی فیدرال و دەوڵەتانی هەرێم لە هەر حاڵدا دەبێ لە ناوەرۆکدا هاوکاری یەکتربن. و ئەم هاوکاریانە لەگەڵ هاوکاریە ناوخۆییەکانی هەرێمەکان و هەوڵیان بۆ هاوئاهەنگ کردنی هەڵوێست و سیاسەتەکانیان، بەرنامە و پرۆسەکان بە ئاکامێکی سەرکەوتوو دەگەیێنێ. فیدرالیزمێک کە لە ئەمریکادا سەقامگیر بووە لەگەڵ مۆدێلی فیدرالیزمی ئاڵمانی جیاوازێکی ئێجگار زۆریان هەیە. فیدرالیزمی چەشنی ئەمریکایی امۆدێلی جیا لە یەکا و یان "فیدرالیزمی نێو دەوڵەتی" ناوبردە دەبێ. هەرچەند لە نێوان ئاستەکانی دەسەلات هاوکاری هەیە و بەم پێیە ناتوانین ئەم سیستمە ناوی "فیدرالیزمی دووئال"ی لەسەر دانێین، بەلام لە دەزگای فیدرالی ئەمریکادا جیایی و سەربەخۆیی ئەم دووئاستە

واتە دەوڵەتی فیدراڵ و دەوڵەتانی هەرێم زۆر زیاترە لەوەی کە لە ئاڵماندا سەقامگیر کراوە:

_ لە ئەمریکا بەشی هەرە زۆری سەلاحیەتەکان نەک بە پێی جۆراوجۆری ابەشی یاسادانان و بەشی ئیداریا بەڵکوو بە پێی بواری سیاسی و ئەرکەکانی دەوڵەت دابەش کراون. لەم سیستمە فیدرالیەدا چونکە هەر دوو ئاستی دەسەڵات نە تەنیا لە دانانی یاسادا، بەڵکوو لە بەڕێوە بردنی لەکاتی ئیداریشدا خاوەن بڕیار و سەلاحیەتن، هەر بەم هۆیە زۆر بە کەمی لە بەڕێوە بردنی ئەرکی دیاری کراوی دەوڵەتیدا پێویستیان بە هاوکاری یەکتر هەیە.

_ نوێنەرانی پارڵمانی سێنا لە ساڵی ١٩١٣ەوە راستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. ئاکامی دەسکەوتی کاری سناتۆرەکان بە پێی ئەوە لێکدەدرێنەوە کە ئایا توانیویانە لە واشنگتۆن دیسی بە باشی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی هەرێم نوێنەرایەتی بکەن.

سناتۆرەکان هەر چەند نوێنەرایتی دەوڵەتی هەرێمی خۆیان دەکەن بەڵام چونکە سەر بە هیچکام لە دەوڵەتە هەرێمیەکان و پارلمانەکان نیین، جیاکردنەوەی لەو دوو ئاستەی دەسەڵات لە یەکتر بۆ خەڵک ئاسان دێتە بەرچاو.

هەڵسەنگاندن و پێک گرتنی کاراکتەری ئیدئالیستی ئەم دوو مۆدێلە فیدرالیستیە دەریدەخا کە قەوارەی هەر سیستمێکی فیدڕاڵیو تا رادەیەکی ئێجگار زۆر دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی سوننەت و نەریتەکانی ئەو سیستمە و شەفافیەت پێدان و دیاری کردن و نووسینی لە یاسای بنچینەی ئەو وڵاتەدا. لە ئاڵمانیش فیدرالیزم ریشەی لە مێژووی ئەم وڵاتەدایە و رووبەروو بوونەوەی میکانیکی لەگەڵ ئەو دیاردەیە بە قازانج نییە.

بە تایبەت کاتێ باس لە سەر گۆڕانی سیستمی فیدرالی دەکرێت دەبێ زۆر بە وردی سەرنجی ئەم بەشە بدرێت. بەم پێیە قازانجێکی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ ئەگەر بمانهەوێ بابەت یان لایەنێکی دیاری کراو لە سیستمی فیدرالیستی ئەمریکا بهێنین و لە سیستمی فیدرالی ئاڵمان دا پەیرەوی بکەین. تاکاتێ کە لایەنەکانی دیکەی "مۆدێلی لێک هەلپێکراو"ی سیستمی فیدرالی ئاڵمان بپارێزرێ، ئامانجی جیاکردنەوەی دەقیقی سەلاحیەتەکان و بەرپرسایەتیەکان لە یەکتر لە دوو ئاستی سیستمی فیدرالیدا وەدی نایە.

دیارە ئەم بەرداشت و لێکدانەوەیە بەو مانایە نییە کە هەموو وڵاتە فیدرالیستیەکان کت و مت دەبێ یەک جۆری تایبەت فیدرالیزم بن.

راستیەکە لەوە دایە کە تەواوی سیستمە فیدرالیستیەکان بەردەوام لە بەردەم ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر دان. بۆ وێنە پێش هاتووە لە سەردەمێک هاوسەنگی هێز لە نێوان سەڵاحیەت داران و کەسانی بە توانا قورسایەکەی بە لای دەسەڵاتی ناوەندی دا (لایەنگری تەمەرکوزگەرایی) کەوتووە، بەڵام دوای ماوەیەک ڕەوتەکە بە پێچەوانە لە راستای بەرژەوەندی پێگە و سەڵاحیەتی زیاتری دەوڵەتانی هەرێمدا کەوتووەتە گەڕ (لایەنگری تەمەرکوز زودایی).

ناسینی ئاڵ و گۆڕ وەرگرتنی سیستمی فیدرالیستی تا بە ئێستا روانگەی زانستیانەی سەبارەت بە فیدرالیزم گۆڕیوە. تیئۆریەکانی مافی دەوڵەت لە پێوەند لەگەڵ فیدرالیزم دا ماوەیەکی ئێجگار زۆر زاڵ بوون بە سەر یاسا فیدرالیەکان دا.

تێگەیشتنێ کە لە سەر فیدرالیزم هەیە چونکە تەنیا هەڵقولاو لەو یاسا بنچینەیانەی سەردەمی خۆیەتی و بە تەواوی هەموو پێوەر و پێوانەکان هەر لەو قەوارە و پێکهاتانە وەردەگرێ، زۆر جار دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی بەرتەسک و نەگۆڕ لە قەوارەی فیدرالیزم. بۆ وێنە ئەگەر لە سیستمی فیدراتیودا گۆڕانکاریەک لە بواری گۆڕانی سەڵاحیەتەکانی ئاستی ناوەند یان هەرێمەکان بێتە ئاراوە و ببێتە هۆی گۆڕانی ئەو پرۆسە کە رەوتی پێداویستیە سیاسیەکان بە ئاقارێکی

گونجاوتردا ببات، لە سیستمی بیر کردنەوە و لێکدانەوەی ئەواندا بە زیانی فیدرالیزمە. هۆکارەکەشی بەوە دەزانن کە فیدرالیزم هەر لە بناخەوە تایبەتمەندی و نۆرمێکی بووە کە دەبێ قەوارەی دەوڵەتی فیدراتیو لەوە دەرنەچێ و ئەوە پێوانەی بێت، و ترازان لەوە بەلاڕێدا بڕدنی[۲۳] نۆرمی فیدرالییە.

وێنەی ئەم بۆچوونە خەیاڵی و ئۆتۆپیاییە "مۆدێلی دۆئالیستی فیدرفیدرالیزم" بوو کە باسمان کرد. ئەم جۆرە مەیلانە ائگۆری فیدرالیزم) بەتایبەت کاتێک دەردەکەون کە رەوتەکانی داهاتووی فیدرالیزم بکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم روانگەیە نەتەنیا گۆڕانکاری یونیتاریستی وەک سەرهەڵدانی رەوتێکی ئێستایی فیدرالیزم دەناسێنێ کە ریشەی لە راستیەکی دیاری کراودایە، بەڵکوو تەنانەت ئەم بۆچوونە بە سەر خاوەن راکانی سەر بەم خەتە فکریەدا زاڵە کە هەڵوێستی یونیتاریستی لە فیدرالیزمی مۆدێرن دا؛ ناکرێ خۆی لێ نەبان کەی. وەها *تێگەیشتنێ لە فیدرالیزم لەو بەرداشتە نادروستە سەرچاوە دەگرێ کە گۆیا قەوارەی فیدراتیو قۆناغێکی تێپەڕ بوونە، لە رێکخستنێکی دەوڵەتی کە بە پێی جەبر بەرەو یەکپارچە بوون و تەمەرکوزی زیاتری دەوڵەتی دەچێتە پێش، بەڵام دیتمان کە لەم ساڵانەی دواتردا وەها بۆچوونێک لە فیدرالیزم روو لە کزی بوو و کاریگەری و ئێعتباری خۆی لە دەست دا. بیروراو بیرۆکەکانی*

بەشی زانستی مرۆڤایەتی ئەمریکا لەم بوارەدا دەوری سەرەکیان هەیە.[٧]

ئێستا لە نێوان توێژەرەوە و بیرمەنداندا زۆر زیاتر لە جاران لەم بەرداشتە لە فێدرالیزم ***باوە کە بنەمایەکی ڕێکخستنە، دەتوانێ هاوسەنگی نێوان لایەنەکانی فرەچەشنی و یەکیەتی بەردەوام بەپێی پێداویستیەکانی سەردەم جارێکی دیکە تاریف بکا و ڕێکیان بخات، ئەم بەشە لە توێژینەوەی فێدرالیستی بەردەوام پێ داگری لە سەر ئەوە دەکات کە نابێ وا بیر بکرێتەوە کە فێدرالیزم چەشنێک ڕێکخستنی نەگۆڕی دەوڵەتیە کە تێیدا جیایی هێز و دابەش کردنی هێز نێوان دوو ئاستی دەسەڵات واتە فێدراڵ و هەرێمەکان شتێکی لە پێشدا دیاری کراوە، بەڵکوو فێدرالیزم دەبێ وەک ڕەوتێکی چالاک کە لە کاتی گەشە و گۆڕاندایە ڕەچاو بکرێ. خاوەنانی ئەم بیرۆکە لەو باوەڕەدان کە قەوارەی فێدراڵیش بەردەوام لە بەردەم ئاڵ و گۆڕدایە، چونکە ئەم دەزگایە بۆ خۆی و کارگێرەکانیشی بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان کە لەو شێوە کارانە ببیننەوە کە یاریدەدەر بێ لە چارەسەری کێشەکان و لەو ئەرکانەی کە بەردەوام لە گۆڕاندان.*** دیارە ئەم بەرداشتە شتێکی بەتەواوی نوێ نییە کە فێدرالیزم "سیستمێکی دینامیک و زیندووە". توێژینەوەی هاینریش تریپول ئەمەی سەلماندووە، هاینریش لە

ساڵی ١٩٠٧ نووسیویە: "... تەنانەت بە خەیاڵیش ناکرێ وڵاتێکی فیدراتیو لە دونیادا بدۆزیەوە کە کێشەو ململانێی نێوان هەوڵە یونیتاریستی و فیدرالیستیەکانی تێدا نەبێ".

هەڵوێست و ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵک لەگەڵ سیستمی فیدرالی یەکێک لە فاکتۆرە گرینگەکانە کە لە سەر چالاکی و سەقامگیر کردنی تایبەتی ئەم سیستمە لە کۆمەڵگادا کاریگەریەکی چارەنووسسازی هەیە.

بە تایبەت چەن فەترەیەک لە ئاڵماندا هەبووە کە ڕق و تووڕەیی و نارەزایەتی خەڵک بە هۆی سانا نەبوونی پرۆسە سیاسیەکانی سیستمی فیدراتیو زۆر زیاتر بووە لەو ئاواتەی کە بۆ سەربەخۆیی ناوچە و هەرێمەکان بوویانە. لە لایەکی دیکە ڕووداو و پێشهاتەکانی یەکگرتنەوەی ئاڵمان لە ساڵی ١٩٩٠ دەریانخست، کە دەتوانرێ مەیلی خەڵک بۆ گەشە پێدانی هەرێمەکان زۆر بکرێ و ڕەوتێک بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتەی سەرەوە بخرێتە گەڕ. بۆ وێنە زۆرینەی خەڵکی پێشووی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات بڕیاریاندا هەرێمەکانی خۆیان _کە تەنیا فەترە زەمەنێکی کورتی نێوان ساڵەکانی ١٩٤٩-٥٢ سەریان هەڵدا بوو، سەر لە نوێ زیندووی کەنەوە، و لەگەڵ سیستمی یەکپارچە و ناوەندگەرای ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتی پێشوو ماڵئاوایی بکەن.

بۆیە مێژووی فیدرالیزم لە ئاڵماندا زۆر راشکاوانە مۆرکی دروستی خۆی لێدەدا کە سیستمی فیدراتیو لەم وڵاتەدا بەردەوام سیستمێکی چالاک و زیندوو بووە: لە ئاڵماندا بە هۆی پێویستیە سیاسیەکانی و بە پێی مەیل و ویستێک کە لە نێوان جەماوەردا بووە دەوڵەتی ناوەندی لەو دۆخەدا دەسەڵاتی بە هێزتری بووە. بەڵام دۆخی واش هەبووە کە هەرێمەکان توانیویانە کارتێکەری و دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بکەن. هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم راستیە کە کۆبوونەوەی هێزی زۆر تەنیا لە بەشێک لە ئاستەکانی سیستمی فیدراتیودا دەبێتە هۆی دژکردەوە لە بەرابە ئاستەکەی دیکەی دەسەڵاتدا، چ لە نێوان کەسایەتی و کارگێرانی سیاسی ئەم ئاستەی دەسەڵات و چ لە نێوان ئەو بەردەنگانەی کە هەنگاوی سیاسیان هەڵگرتووە.

٤_ هۆکارەکانی بوون و ئامانجی فیدرالیزم:

قەوارەی فیدرالیستی لە مێژووی ئاڵماندا وەک ئامراز و شێوەیەک بۆ وەدەست هێنانی یەکیەتی سیاسی و نەتەوەیی هەڵبژێردرا. بەم پێیە بە هەڵبژاردنی سیستمی فیدراتیو، ئاڵمان وەشوێن ئامانجێکی دیاری کراوی سیاسی کەوتبوو. بەڵام دامەزراندنی سیستمێکی فیدراتیو هەروەها دەتوانێ بۆ پێک هێنانی قەوارەیەکی فرەچەشنی خێڵەکی و قەومیش بێت.

لە باشترین وێنەکانی ئەم قەوارەیە دەتوانین ئاماژە بە ڕێکخستنی دەوڵەتانی: سویس، کانادا و چەند وڵاتێکی دیکە بکەین.

باقتی قەومی خەڵکی ئەم وڵاتانە جۆراوجۆرن و تا رادەیەک لەو ناوچە دیاری کراوانەی کە پێکەوە هاوسنوورن دانیشتون، و تەنیا کاتێ بەمانەوە لە چوار چێوەی ئەو وڵاتانەدا رازی دەبن کە لە لایەن قەوارەی فێدراتیوەوە ناسنامەی سەربەخۆیان بپارێزرێت.

لەپێوەند لەگەڵ ئەم بابەتە، ئەم پرسیارە کە چلۆن کێشانی هێڵەکانی دژ بەیەکی قەومی لەگەڵ ئامانجی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و پێکەوە ژیانی گەلان و گرویە قەومیەکان هاوئاهەنگ و هاوپەرا دەبێت، بابەتێکی سەرەکی و گرینگ دەبێ، کە سیاسەت لە سەدەی ٢١دا پێش هەرشتێک سەرقاڵی وڵامدانەوەی دەبێت.

لە کۆتاییدا رەنگە بەم بەرداشتەی خوارەوە بگات: فێدرالیزم سیستمێکە، لێک نزیک کردنەوە و ئاوێتە کردنی کۆمەڵگاکان لە باری کەلتوری و قەومی فرەچەشنی مسۆگەر دەکات.

ئەویش بەم شێوە کە لە لایەک پێوەندی ئابووری و سیاسی و هەروەتر سیستمی پێک هێنەری ئەم نیزامە مسۆگەر دەکات، و

لەلایەکی دیکە تا رادەیەک بەرچاو لەباری سەربەخۆیی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و خودمختاری سیاسیەوە رێگە بۆ وڵاتانی ئەندام ئاواڵە دەکات و، هەروەها باری جۆغرافیایی واتە سروشتی وڵاتێک دەتوانێ لە بڕیارەکاندا بە قازانجی دامەزرانی سیستمێکی فیدراتیو دەور و نەخشی هەبێ.

بۆ وێنە ئەگەر لە وڵاتێکدا کە دەوڵەتی ناوەندی – سەرەڕای ئەو ئیمکاناتە تکنیکیە ئەوروٚپیەی کە هەیە– نەتوانێ بە خێرایی و بەردەوامی لە پێوەند لەگەڵ بابەت و دیاردەی ناوچەکانی دوور لە ناوەند هەنگاو بنێت زۆر بە زوویی هەست بەم پێویستیە زەمانیە دەکرێ.

٥_ لایەنە باشەکانی رێکخستنی فێدرالیستی

سەبارەت بە ئاڵمان نابێ بەرینای سروشتی وەک هۆکارێکی قەوارەی فێدرالیستی گەڵاڵە بکرێ. بەڵام لەگەڵ هۆکاری قەومی و پتر لەویش هۆکارە مێژوویەکان، پێویستی زیندوو کردنەوەی سەر لە نوێی قەوارەی فێدرالیستی لە ئاڵمانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بوون.

بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەو جیاوازیە مێژووی و کولتووریەی نێوان هەرێمەکانی ئاڵمان و هەروەها پێوەندی قەومی لە نێو خۆدا چەندە کاریگەرە و هەست پێدەکرێ، بە سەرنجدانێکی

جیاوازیەکانی، راینلاند و براندنبۆرگ و بەندەرە تجاریەکان و بایرن، بۆمان دەردەکەوێ.

تەنانەت ئەگەر لە سەرەتای دامەزراندی ئەم قەواریەوە بە مێژووی فیدرالیزمی ئاڵماندا بچینەوە تا دەگاتە ئەو سیستمەی ئەمرۆ هەیە و تەنانەت جیاوازیەکانی نێوان هەرێمەکان لە بواری کەلتووری و ناوچەیشەوە ببینینەوە، هێشتا جێگای گەلاڵە کردنی ئەم پرسیارە هەیە کە: پێویستی بوونی قەوارەی هەنووکەیی فیدراتیو لە وڵاتێکی پێشکەوتوویی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لە چ دایە؟ چ پاساوێک بۆ ئەوە هەیە کە لە ١٦ هەرێمی ئاڵماندا سیستمی فرەچەشنی راهێنان هەیە؟ و بە چ هۆیەک زۆرینەی هەرێمەکان لە رێگای شۆرای فیدرالەوە دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر پێش بە پەسەند کردنی یاسایەک وەک پێویستی پەسەند کردنی یاسایەک لە بواری سیاسەتی ماڵییەوە بگرن کە بە رای دەوڵەتی فیدراڵ و هەروەها زۆرینەی نوێنەرانی پارلمانی فیدرال گەیشتووە.[1]

---

[1] _ ئەو یاسایانە کە بە زۆرینەی دەنگ لە پارلمانی فدراڵی ئاڵماندا پەسەند دەکرێن دوو بەشن: بەشێک ئەوەی کە شۆرای فدراڵ کە لە نوێنەرانی ١٦ هەرێم پێک هاتوون، دەتوانن بە زۆرینەی دەنگ نەهێنێ پەسەند بکرێ بە واتایەک ئەم یاسایە بلۆکە دەکا. ئەم بەشە لەم یاسایانە قازانجی هەرێمەکانی تێدایە. بەڵام بەشی دووهەمی یاساکان کە لە پارلمانی فدراڵ پەسەند دەکرێن تەنیا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فدراڵدایە، شۆرای

وڵامدانەوە بەم پرسیارانە کاتێ ئاسانە کە بزانین جگە لەم هۆیانەی باسمان کرد، بەڵگەو هۆی دیکەش بۆ پێویستی بوونی فیدرالیزم دەتوانێ لە ئارادا بێت.[١٨] لێرەدا پێش هەموو شتێک مەبەست ئەو هۆکار و بۆچوونانەیە کە پێوەندی بە "تیئۆری دێموکراسی"یەوەیە. ***هەر نەزمێکی دێموکراتیک پێویستی بەوەیە کە لە لایەن خەڵکەوە وەربگیرێ و پشتیوانی لێ بکرێ. دێموکراسی بە هەر رێژەیەک مەیدانی دامەزراوەی پاسایی زیاتر، بۆ پێک هێنانی خۆگونجاندن و رێککەوتن دەستە بەربکات و چالاکی و پێک هێنانی هەستی یەکیەتی و هاوسۆزی و نزیکی شارۆمەندان لەم سیستمەدا فراوانتر بکات، هەر بەو پێیە ئەو سیستمە بۆ زیاتر بوونی توانست و مانەوە و هەروەها پەزێرا بوونی لە کۆمەڵگادا کاری لە پێشتر دەبێ.*** لەسیستمی فێدراتیودا لانی‌کەم یەکێک لە شێوەکانی بەشداری خەڵک لە ژیانی سیاسی _کە زۆربەی خەڵک لە چوار چێوەی بەشداری لە هەڵبژاردندا دەیبیننەوە_ زیاتر لە سیستمەکانی دیکە بەرێوە دەچێ. بەم پێیە سیستمی فێدرالی لە روانگەی گەشە پێدانی دێموکراسیشەوە زیاتر جێی رەزامەندییە.

فدرال تەنیا دەنگی بیروڕا دەربڕینی هەیە، واتە ناتوانێ پەسەند کراوەکان پارلمانی فدرال رەد کاتەوە.

سیستمی فیدرالیو لە تەنیا لە بواری کەمایەتیەوە لەگەڵ بنەما دیموکراتیکەکان گونجاوترە[1]، بەڵکوو لە باری زیاتر کردنی چۆنایەتی بەشداری خەڵک لە چارەنووسی سیاسی خۆیان و هەروەها لە ڕێگەی تێگەیشتن لە بەرپرسایەتیەکان و قەوارەی دەوڵەتی و لەگەری نزیکایەتی زیاتری خەڵک لە ئورگانەکان و ئیدارەکان و بەرپرسانی دەوڵەتی کە بە شێوەیەکی ڕوونتر دەتوانن توانایی و لێهاتووییەکی زیاتر لە خۆ نیشان دەن کاری لە پێشترە. ئەم بڕیارە کاتێک دروست و سەرکەوتوو دەبێ کە دەوڵەتە هەرێمەکان قەوارەیەکی نامونەمەرکزیان هەبێ و، لەگەڵ ئورگانەکانی خوار خۆیانەوە وەها ڕووبەڕوو بینەوە کە خۆیان لە دەوڵەتی ناوەندی و فیدرال چاوەڕوانیان هەیە. سیستمی فیدرالیو ئەو جۆرە لە ڕێکخستنی دەوڵەتیە کە هەل و ئیمکاناتی زیاتر بۆ بەرپرسانی دەوڵەتی دەرەخسێنێ تا لە نزیکی زیاتر بەو بابەت و دیاردانەی کە جەماوەری خەڵک پێ‌گیرودەن بریار بدەن.ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆسە سیاسی

---

[1] مەبەست ئەوەیە لە سیستمی فدرالیودا خەڵک لە هەڵبژاردنێکی زیاتردا بەشدارن. وەک هەڵبژاردنی پارلمانی فدراڵ، هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێم، هەڵبژاردنی شورای شار و هێند

کردەوەی دەوڵەت هەرچی روونتر و باشتر بیرورای خەڵکی لێ ئاگادار بێت[1].

لە سیستمی فیدرالیدا دابەش کردنی ئەرکەکان ئەو دەرفەتە بە دەوڵەت دەدا کە ئەو ئەرکانەی لە ئاستی هەرێمایەتیدا باشتر چارەسەر دەکرێن، نەخرێتە ئەستۆی دەوڵەتی ناوەندی و تەواوی هێزو توانی خۆی وەگەر خات بۆ ئەو ئەرکانەی کە پێویستە لە ئاستی ناوەندیدا چارەسەر بکرێن. ئەم کردنەوەی بارستای ئەم ئەرکانە دەتوانێ لە گێرە و کێشەکان و گرفتەکان کەم کاتەوە تا کردەوەی دەوڵەتی بەهرەیێکی زیاتری هەبێ.

بەڵام بۆ ئەوەی گرینگی ئەم مەسەلەیە نەبێتە هۆی زیاد بوونی رادەی بەرپرسایەتی هەرێم و ناوچەکان پێویستە کە "سوبسیدیاری" واتە "بنەمای هاوکاری و هاوفکری" رەچاو بکرێ، و ئەم بنەما لە دابەش بوونی سێ هێزی بەڕێوەبەر و هێزی یاسادانەر و هێزی قەزایی و بڕیار و بەڵێنە کۆمەلایەتیەکانەوە وەرگیراوە.

---

[1] یەکێک لە لایەنە گرینگەکانی هەر سیستمێکی دێموکراتیک ئەوەیە کە بە روونی دەربخات چ بڕیارێکی سیاسی دەردەچێت و ئەم بڕیارە لە لایەن کێ و چ ئۆرگانێکەوەیە؟ و چ قۆناغێکی تێپەڕ کردووە و خەڵک چۆن دەتوانن کاریگەرییان لە سەری هەبێت؟.

بە پێی ئەم بنەمایە ئۆرگانە و گروپ و حزب و کۆمەڵانی سەرەوەتر بۆیان هەیە تەنیا ئەو ئەرکانە وەئەستۆ گرن کە ئۆرگان و گروپ و حزبە چکۆڵەکان و کۆمەڵانی خوارەوە ناتوانن چەشنی ئەوان بە چاکی جێبەجێی کەن. بەم پێیە بەڕێوە بردنی سوبسید کاریگەری لە سەر هەر دوو لایەن واتە ئاستی فێدراڵ و ئاستی هەرێم هەیە: لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێ پشتیوانی لەوە بکرێ ئەو ئەرکانەی دەخرێنە بەر باس بە شێوەی ناموتەمەرکز ڕێکبخرێن. دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە سیستمی فێدراتیو تووشی گرفت و مەترسی گەورە دەبێ، ئەگەر بۆ درێژماوە لە هەرێمەکاندا کاری لەڕادە بەدەر بکێشرێ و پێچەوانەکەشی هەرگرفتی گەورەی بە شوێنەوەیە. بۆیە بنەمای سوبسیدیاری سەرتاپا لە خزمەت سیستمی فێدراتیودایە.

بەرتەسک کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بەردێکی بناخەییە لە تەواوی قەوارەی دێمۆکراسیەکاندا کە وا دوڵەتانی یاسامەند لەسەری دامەزراون. وەها بۆچوونێک بۆ هەرچی باشتر جیا کردنەوە و دابەش کردنی ئەرکەکان لە سیستمی فێدراتیودا پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە بۆچوونی دابەش کردنی هێزەکانەوە. ئەم بابەتە گرینگە بە دوو شێوە سەردەگرێ: یەکەم دابەش کردنی ئاسۆیی هێزەکان و جیاکردنەوەی ئەستوونی دەسەڵات. دابەش کردنی ئاسۆیی هێزەکان دابەش

کردنــی کلاسیکی ســێ هێــزی دەوڵــەتی واتــە هێــزی یاســادانەر، بەرێوەبەر و قەزاییە، بەم پێیە ئەم دابەش کردنە دەگەرێتەوە بــۆ ئاســتەکانی مــافی دەوڵــەت.[19] بــە تایبــەت لــە سیســتمە پارلەمانتاریستیەکاندا کــە میکــانیزمێکی زۆر بــۆ کــەم کردنــەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ئارادایە، دابەش کردنی ئاسۆیی دەسەڵات بە روونی ئەمە کەم دەکاتەوە.

بــە تایبــەت لــە شێوەی پراکتیزەکردنــی دێموکراســی فــرە حزبی دا دەور و ئەخشی هەیە. لە راستیدا میکانیزمی گرینگی دیکـە بـۆ دابـەش کردنـی دەسـەڵاتی دەوڵـەت هەیـە کـە نـەهێڵێ بیرۆکەی دابەش کردنی هێزەکان زیانی پێبگات. لە بەرتەسک کردنـەوەی دەسـەڵاتی سیاسـیدا دوو فاکتـەری گرینگـی دیکـەیش دەوری ســەرەکی دەگێــرن: یەکــەم کــەم کردنــەوەی کــاتی بەرپرسـایەتیەکان، جێگـە و پلـە و پایـەی سیاسـی و نوێنەرایـەتی خـەڵک کـردن. دووهـەم کـەم کردنـەوەی دەسـەڵاتی پارلەمـان (یاسادانەر).[1] ئەویش بەپێی بەڵگە و نەزمی یاسایی و لە رێگای

[1] دەسەڵاتی پارلەمان فیدراڵ لە گەڵاڵە و پەسەند کردنی یاسادا شتێکی دیاری کراوە هەر بەم بۆنەوە سێ جۆر یاسامان هەیە: ١_ بەشێک لەو یاسایانەی کە دامەزراوەکانی سیستمی وەک فیدرالیزم، دەوڵـەتی یاسـایی، دەوڵـەتانی خـاوەن بنـەمای عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی، دێموکراتی، دابەش کردنی دەسەڵاتە سەرەکیەکانی دەوڵەت، ویایی دین لە دەوڵەت، سـەربەخۆیی بڵاوەکـراوە و چاپەمەنییەکان شتی لـەم تاکـارە لـە خـۆ دەگـرن کـە پارلەمـان تەنانەت بە ١٠ لە ١٠ی دەنگ ناتوانن بیگۆرن. ٢_کۆمەڵێکیتر یاسا کە بە جۆرێ لەگەل

چاوەدێری بەڕێوەبەری ئەم نەزم و بەڵگەیاسایانە لە لایەن دادگای یاسای بنچینەیەوە.[II]

لە درێژەی باس لە سەر هۆکانی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەروەها دەبێ ئەوە رەچاو کەین رەوتی شکڵگرتنی ئیرادەی سیاسی و پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی تەنیا لە ئاستی دەوڵەتیدا نییە، بەڵکوو حزبەکان، تەشکیلاتی سیاسی و پیشەیی و هەروەها بیروڕای گشتی بە هەموو فرەچەشنییەکەیەوە _بۆ وێنە لە بواری پێگەی جەماوەری و چینایەتیدا_ لەوێدا دەور و نەخشی بەرچاویان هەیە. پارامتری جیاکردنەوی ئەستوونی دەسەڵات تەواو کەری ئەو شکڵ و فۆرم و میکانیزمانەیە کە پێشتر بۆ

دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکان ئێکەڵاوی و پەیوەندی هەیە تەنیا لە سەر رای شوورای فیدراڵ گۆڕانی تێدا پێک دێت. ٣_ پارلمانی فیدراڵ تەنیا دەتوانێ ئەو یاسایانە بگۆڕێ کە یاسای بنچینەیی لە چوار چێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدراڵ دایمەزراندووە. و ئازە ئەو خاڵانەش کە لە یاسای بنچینەییدا جێی دەست تێوەردانیان هەیە تەنیا بە سێ لی سەر چواری دەنگی نوێنەرانی پارلمانی فیدراڵ و سێ لە سەر چواری نوێنەرانی شوورای فیدراڵ دەتوانرێ بگۆڕدرێت بۆ وێنە یاسای پەنابەری.

[II] چ خەڵک و چ ئۆرگانە دەوڵەتییەکان مافیان هەیە لە ئۆرگانەکانی دەوڵەت لە دادگا دەوڵەتییەکان و یان تەنانەت لە دادگای یاسای بنچینەیی فیدراڵی ئاڵمان شکایەت بکەن.

بۆ نموونە چەن مانگ پێش دیتمان کە لە هەرێمی دێموکرات مەسیحییەکان و سوسیال مەسیحییەکان، دەسەڵاتداران شکایەتیان لە دەوڵەتی فیدراڵی ئاڵمان و سەرۆکی سوسیال دێموکراتی کاتی شوورای فیدراڵی ئاڵمان کرد کە گۆیا بە شێوەیەکی نایاسایی، یاسای پەنابەری و کۆچ کردنی پەسەند کردووە و بەم جۆرە توانیان پێش بە پەسەند کردنی ئەم بڕیارە بگرن.

بەرەنگاری کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵات لە ناوەندا باسمان کرد.
لە سیستمی فێدرالی ئاڵماندا دەسەڵاتی تایبەتیدان بە دەوڵەتی ناوەند و دەوڵەتانی هەرێم زۆر کەمە واتە زۆر بە کەمی پێش دێت لایەنێ بتوانێ بە بێ هاوکاری بەرپرسانی ئۆرگانە سیاسیەکانی لایەنەکەی دیکە کارێ بە ئەنجام بگەیێنێ. بە هۆی کەمی دەسەڵاتەکان و هەروەها ئەو بێئیمکاناتیەی کە لەم کەم کردنەوەی ئاستی دەسەڵاتداریەی دەوڵەتی فێدراڵ و هەرێمەکان کەوتووەتەوە، ئەگەر بیانهەوێ بە شێوەیەکی کاریگەر و بەکەڵک ئەرکە سیاسیەکان جێبەجێ بکەن هاوکاری نێوانیان پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە. بەم پێیە ئەو دوو ئاستەی دەسەڵات دەتوانن چاوەدێری یەکتر بن و کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەبێ. "میکانیزمی چاوەدێری و هاوسەنگی هێز" پێش بەوە دەگرێ کە لە دەسەڵات کەڵکی خراپ وەربگیردرێ، و هەر بۆیە لە دەوڵەت و سیستمی یاسامەنددا وەک بەشێکی گرینگی ئەم پەیکەرە دژمێردرێ. بوونی دوو ئاستی سیاسی لە سیستمی فێدراتیودا لەگەڵ دابەش کردنی ئەستوونی هێز دوو شتی لێک گرێدراون: بەرپرسانی ئەرک و کار و نوێنەرانی خەڵک لە هەڵبژاردنی جیا جیادا هەڵدەبژێردرێن، هەر بەم هۆیە تەرکیب و رێژەی بەشداری حزبەکان لە پارلمانی فێدراڵ و هەرێمەکاندا

جۆراوجۆرە. حکوومەت لە ئاستی ناوەندی هەرێمدا لە لایەن حزبە جیاوازەکانەوە دروست دەبێ.

خاوەنی دەنگەکان لەم رێگاوە دەتوانن مەیل و سەمپاتی حزبی خۆیان لانیکەم لە یەکێک لەو دوو ئاستەی دەسەڵاتدا بکەنە بەرپرسایەتی دەوڵەتی.[1] لە هەمان کاتدا بەو ئۆپۆزسیونەی کە لە پارلەمانی فیدرالدایە رێگا دەدرێ کە لانی کەم بەشێک لە بۆچوون و بەرنامەکانی خۆی کە جێگرن (ئاڵترناتیون) لە هەرێمەکانی دیکە دابرێژێ و سەقامگیری کات. بەم پێیە ئۆپۆزسیون بۆی هەیە کە هەم توانایی و سەلاحیەتی دەسەڵاتداری خۆی بسەلمێنێ، و هەم کەسایەتیەکان و شێوەکاری سیاسی بەدیلی خۆی تاقیکاتەوە و گەشەی بداتێ.

ئەم جۆرە سیستەمە بۆ ئیدارە کردنی وڵات هەروەها بۆ بەرەی سیاسی داهاتوو قازانجێکی دیکەشی تێدایە، بەو مانایە کە بوار و ئیمکانی زۆر زیاتر دەرەخسێنێ بۆ ئەزموونی سیاسی، پەروەردە بوون و لێهاتووی لە بواری سیاسەتدا، چونکە ئەم

[1] دۆخێوا مان هەبووە کە زۆربەی هەرێمەکان لە دەستی حزبی سوسیال دیموکرات (SPD)دا بووە لە حاڵێکدا SPD ئۆپۆزسیۆنە لە پارلەمانی فیدراڵدا. دۆخی وەک ئیستاشمان بووە کە زۆربەی هەرێمەکان لە دەستی دیموکرات مەسیحییەکان (CDV) و سوسیال مەسیحییەکان (CSV)دا بووە لە حاڵێکدا هەر دووکیان ئۆپۆزسیۆن لە پارلەمانی فیدراڵدا. زۆر جاریش پێش دێت کە خەڵکیش حزبێک بۆ چوونە پارلەمانی فیدراڵ هەڵدەبژێرن، و لە هەمان کاتدا بۆچوونە پارلەمانی هەرێم دەنگی نادەنێ. حزبی لیبراڵ دیموکراتی ئازاد وێنەی ئەم راستییەیە.

سیستمە لە چاو سیستمە یەکپارچە و موتەمەرکزەکان پێویستی زۆر زیاتری بە کادری سیاسی هەیە. هەر بۆیە سیستمی فێدڕاتیو خێرایی جێگۆڕکێی کەسانی لێهاتووی سیاسی زیاد دەکات نموونەکانی: کورت جۆرج کسینجر، ویلی برانت، هلمۆت کۆڵ و گرهارد شرۆدێر سەدری ئەعزەمی ئاڵمانن کە هەرکامە پێشتر سەرۆکی یەکێک لە هەرێمەکان بوون، هلمۆت شمیت پێش ئەوەی بیێتە سەدری ئەعزەم، وەزیری نێوخۆی هەرێمی هامبۆرگ بوو، زۆرێک لەو وەزیرانەی فێدڕاڵ ئەو کاتەی لە هەرێمەکاندا وەزیر بوون لە بەڕێوەبردنی ئەرکی ئەسپێردراودا لێهاتووی خۆیان پیشان داوە. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوی کە سیاسەت لە ئاستی فێدڕاڵدا خۆی ناوەند و سەرچاوە بووە بۆ جێگە و پێگەی بەرزتر لە هەرێمەکاندا.

فێدرالیزم پرنسیپ و قەوارەی نێوخۆی حزبەکان فرەچەشنیتر دەکات و دێمۆکراسی نێوخۆی حزبیش پەرەپێدەدات. هەرکامە لە لق و کومەیتە و ئۆرگانی حزبە سیاسیەکان کە لە هەرێمەکاندان دەتوانن بە هۆی بوونی ناسنامی دەوڵەتی و سەربەخۆ، خودموختاری و سەربەخۆیی بە دەست بێنن. لقی هەرێمی سەر بە حزبێک کە لە حکوومەت دایە لەو دەور و نەخشەی کە لە ئۆپۆزسیونی پارلمانی هەرێمەدا هەیەتی خاراو بووە، بۆیە قورسایی و باوەڕ بە خۆی زیاتری لە

بەرابەر ناوەندی حزبدا هەیە، ئەویش لە هاوسەنگی لەگەڵ لقی هەرێمی حزبێک کە لە سیستمێکی یەکپارچە و موتەمەرکزدا بێ، چونکە لە سیستمی موتەمەرکزدا حکوومەت و پارلمانی ناوچەیی نییە تا حزبەکان دەور و نەخشیان هەبێ.

سەربەخۆیی حزبەکان لە هەرێمەکاندا و بەشداریان لە پارلمان و سەروەری هەرێمەکان و ئەزموون کردن و خاراو بوونیان کۆمەک دەکات بە گەلاڵە کردنی بەرنامەی حزب و روونی سیاسەتەکان وئامانجەکانی حزب لە ئاستی فێدراڵ و سەراسەریدا.[1]

لایەنێکی تر لە باشی قەوارەی فێدراتیو پێشبرکێی نێوان ئاستە جیاجیاکانی دەوڵەتی و ئەندامان واتە هەرێمەکانە. لەو شوێنانەی کە حەوزەکان متمانەی وەک یەکتریان هەیە لە نێوان دەوڵەتی فێدراڵ و هەرێمەکاندا و تەنانەت لە نێوخۆی هەرێمەکاندا دەکرێ لە سەر باشترین شێوەی ئیدارە کردن و بەرێوە بردنی ئەرکەکانی دەوڵەت پێشبرکێ هەبێت. وەها

[1] قازانجێکی لاوەکی بەڵام گرینگ لە حکوومەتداری حزب لە هەرێمەکاندا ئەوەیە کە ئەم حزبانە هەڵوەمەرجی ئەوەیان بۆ دەرەخسێ کە بۆچوون و بەرنامەکانیان بەرنە قۆناغی بەرێوەبردن. ئەم بابەتە لە رادیکالیزم و زێدەرۆی کەم دەکاتەوە و پرۆسەی منتقی بوون و لەسەرخۆیی گەشە پێ دەدا و ئەمەش خۆی دەبێتە هۆی زیاتر لێک گەیشتنی حزبەکان، چونکە زۆر جار بە بێ هاوکاری و یەکگرتن ناتوانن حزبەکان دەوڵەت پێک بێنن.

پێشبڕکێیەک داهێنانی نوێ گەشە پێ ئەدات، جگە لەوە ئەم بوارەشت دەداتێ کە هەنگاوەکان و شێوەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بابەتەکان، سەرەتا لە ئاستێکدا تاقی بکرێنەوە.

خەڵک لە فرە چەشنی ڕەوشت کار و شێوەکانی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دەوڵەت قازانج وەردەگرن. بۆ وێنە شارۆمەندان دەتوانن سیاسەتەکان و کردەوەکانی دەوڵەتی فێدراڵ لەگەڵ دەوڵەتە هەرێمیەکان و یان سیاسەتی هەرێمێک لەگەڵ هەرێمەکانی دیکە هەڵسەنگێنن. ئەم هەڵسەنگاندنە هەم چۆنایەتی و بارستای کاریگەری دەوڵەت ڕوون دەکاتەوە هەم هەزینەکانی. ئەم هەڵسەنگاندنە بنەمایەکی باشە بۆ چاوەدێری سیاسی و بەرداشتکردنی کردەوەکانی دەوڵەت.

لە سیستمی فێدراتیودا دەوڵەتانی هەرێم بە جۆرێ سیاسەتی سەربەخۆیان هەیە، وەک وڵاتانی موتەمەرکز مەجبوور نین ملکەچی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ناوەندی بن، بەم هۆیانە ئەم سیستمە باشتر دەتوانێ لە سیستمی موتەمەرکز و یەکپارچەکان لە دژایەتی و گیروگرفتەکان کەمکاتەوە، لەهەر حاڵەدا لە سیستمێکی نۆرماڵی فێدراڵدا هەوڵ و جووڵەی جیابوونەوە لە چاو سیستمێکی موتەمەرکز زۆر کەمترە. بەتایبەت لە چوارچێوەی کولتووریدا دەتوانین ئەو لایەنانەی پێشبەرکێ و فرەچەشنی قەوارەی فێدراتیو کە گەشەی سەندووە بە ڕوونی

بیــان بیــنین، ئەگەرچــی فرەچەشــنی دامــەزراوەی کولتــووری هەرێمـەکان بەتایبـەت زانکۆ و شانۆ و مووزەخانـە و کتێبخانـەکان ریشەی لە سەربەخۆیی سیاسی پێشووی ئەم هەرێمانەدایە. بەڵام لـەم سـەردەمەدا پاراسـتن و پەرەپێـدانی ئـەم ئیرادە سیاسـی و بڕیارە ئاگایانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە هێـزی سیاسـی دەبێ ناموتەمــەرکز بــێ و سەراســەری وڵات لــە فەرەچەشــنییەکی مەعنــەوی و کولتــووری بەهرەمەنــد بــن. سیســتمی فێــدڕاتیوی ئاڵمان لەبەشی راگەیاندنە گشتیەکانیشیدا فرە چەشنی کولتووری بـەر چاو دەکـەوێ. رادیـۆ و تەلـەویزیون لـە ئاڵمـاندا بـە شێوە فێدرالیسـتی رێکخـراوە بـۆ وێنـە کانـاڵی یـەکی تەلـەویزیونی ئـەم وڵاتــە (ARD) پــێش هــەر شــتێک تێکەڵاویەکــە لــە رادیــۆ و تەلــەویزیونی هەرێمــەکان. دیــارە دەوڵــەتی فێــدڕاڵ دوو دامـەزراوەی رادیـو و تەلـەویزیون، کـە ئـەرکی تایبـەتیان هەیـە بـە تەواوی لە بـاری ماڵیـەوە تـەیاریان دەکـات: یـەکیان ادۆیچەوێلەا و ئەوی دیکە ادۆچەلاندفۆنکـا[1]، تەنانـەت ئـەو راستیە لە ئاڵمـاندا

---

[1] لەئاڵماندا راگەیاندنە گشتیەکان وەک بابەتێکی "کولتووری" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و کولتوور بە تەواوی لە چوارچێوەی سەلاحیەت و متمانەی هەرێمەکاندایە، دەوڵەتی ناوەندی مافی دەست تێوەردانی ئەم بابەتانەی نییە. هەر بەم هۆیە دەوڵەتی ناوەندی ئاڵمان وەزارەتی فەرهەنگی نییە اهەڵبەت چەن ساڵ پێش ئێستا "وەزیری جێگر"ی بۆ ئەم ئەرکانە دیاری کردبووا. لە کاتێکـدا هەرکامە لە ١٦ هەرێمـەکان وەزیری کولتووری خۆیان هەیە، بەم پێیە رادیو و تەلەویزیونی ئاڵمان چون دەوڵەتی نییە، بودجەی نادرێتێ. لە هەرێمەکاندا

ئەمە دەسەلمێنێ بۆ وێنە بە پێچەوانەی فەرانسە یان بریتانیای گەورە، راگەیاندنەکان کە بە رێباز و شێواز و لایەنی جیاواز و جۆراوجۆر سەریان هەڵداوە، دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و هێزی سیاسی لە نێوان ١٧ پێتەخت (١٦پێتەختی هەرێمەکان و ١ پێتەختی فیدراڵ)[II] دابەش کراوە.

لە بواری لێهاتووی ئابووریشەوە قەوارەی فیدراتیو دەتوانێ لە ژێر پۆششی دۆخێکی لەبارتردا بێ، جگە لە ئێعتبار و باوەر بە بنەمای بەرابەر بوون، زەمینە و هەلومەرجی لێک جیاوازی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ولاتێک کە بۆ وێنە لە بواری سەرچاوەی سروشتی ژێرزەوی و پلەی گەشەی ئابووری) هەبێت سیاسەتێکی جیاوازی ئابووریش دەخوازێ. وەها هەنگاوێک لە قەوارەکانی دەوڵەتی فیدراتیودا بە دیاری کردنی چوار چێوەی یاسای جیاواز،

"شوورای رادیو تەلەویزیون" پێک هاتووە لە کۆمەڵێ لە نوێنەرانی کارگێری رادیو و تەلەویزیون و شوێنە گشتی و رێکخراوەی گرینگی کۆمەڵایەتی وەک سەندیکاکان، حزبەکان و کلیساکان و دەیان شوێنی دیکە.

[II] راگەیاندنەکانی ئاڵمان لە برلین کۆکنە نەکراوە، گرینگترین رۆژنامەکان، گۆڤارەکانی ئاڵمان کە تیراژیان زۆر لە سەرەوەیە و بەشێک زۆر لە بیروڕای گشتی کاریگەری خۆیان لەوانە وەردەگرن لە باکوور و ناوەند و باشووری ئاڵمان دەردەچن: لەوانە "شپیگل" و "بیلد" لە هامبورگ، "فرانکفورتێر و ئالگمانینەتسایتونگ" و "فرانکفورتێر روندشاو" لە فرانکفورت و "زوددویچە تسایتونگ" و "فۆکوس" لە مونیخ. و تازە خەڵک بە زۆری لایەنگر و خوێنەری ئەم رۆژنامە ناوچەییانن نەک رۆژنامە سەراسەرییەکان.

پشتیوانی بۆ مەرجدار کردنی بەشە دیاریکراوەکانی ئابووری ئاسانتر لەو سیستمە موتەمەرکزە دەکات، کە بە پێی رەوت و بڕیارەکان و سیاسەتێکی گشتی و یەکدەستی ئابووری لە ئاستی سەراسەریدا کاردە کات.[1]

سەرجەم لایەنە باشەکانی قەوارەی فیدراتیو کە باسمان کرد _بەتایبەت لەو بەشانەی پێوەندی بە میکانیزمی دابەش کردنی هێز و فرەچەشنی شێوەی ژیان کردنەوە بوو_ لەسەر هەموو بەشەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی کاریگەری هەیە. بۆ وێنە کلیسای کاتولیک لە ئاستی هەرێمدا کۆنفرانسی ئۆسقۆف بەڕێوە دەبات، کلیسای پرۆتستان دامەزراوە زانستی و کولتووریەکانی بە پێی قەوارەی دەوڵەتی فیدراتیو ڕێکخستووە و هەروەها ئەو ڕێکخراوە و ئیدارانەش کە لە بواری کار و ئابووریدا چالاکیان هەیە ئیتحادیەکان، سەندیکای کرێکاری، کارمەند و کارفەرماکان؛ کۆمەڵی یاریەوانان و ڕێکخراوەی سەیران و هێند بە پێی ڕێکخستنی فیدرالیستی چالاکیەکانیان ڕێکخراوە. بەم پێیە

[1] سیاسەتە ئابووریەکانی رۆژهەلاتی ئاڵمان نمونەیەکە کە لە باری ئابووریەوە گەشەیەکی لەوتۆی نەکردووە، بە دڵنیایی دەبێ لەگەڵ سیاسەتی ئابووری هەرێمەکانی باشوور کە سەنعەتێکی فوورس و ئابووریەکی ساغی هەیە لێک جیاواز بێ. رەچاو کردنی هەنگاوی پشتگیرانەو گەشەدانی ئامانجدار و فرەچەشنی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لەم سیستمە فدراتیوەدا زۆر ئاسانترە لە سیستمێکی یەکپارچە و موتەمەرکز.

شارۆمەندی ئاڵمانی لە ژیانی رۆژانەیدا لەگەڵ فیدرالیزم سەروکاری هەیە. فیدرالیزم بابەتێکی نەگۆڕ و دوگم نییە، بەڵکوو ڕێباز و شێوازێکی دیاریکراوی ژیانە.

٦_ عەیب و کەموکوڕی ڕێکخستنی فیدڕاتیو

ئەگەرچی سیستمی فیدڕاتیو لایەنی باشی لە چاو دەزگا موتەمەرکزەکان ئێجگار زۆرە بەڵام سەرەڕای ئەوە نابێ لایەنی مەنفی و خراپەکانی ئەم قەوارەیە لە بەرچاو نەگیرێ.

بۆ وێنە "ئەو کاریگەریەی شارۆمەندانی ناخۆجێیی هەرێمەکان (Spilover_effects)ە کە بە "هۆکاری دەرەکی" (Externatitat) ناو دەبرێ. ئەم بابەتانەی سەرەوە بۆ دەستنیشان کردنی گرفتێکی دیاری کراو لە سیستمی فیدرالیزم هاتوونەتە ئاراوە: دەزانین ئەو ئامراز و کەرەستە خزمەتگوزاریە بنەماییانە کە لە هەرێمەکاندا بەرهەم دێن دەتوانن شارۆمەندانی هەرێمەکانی دیکەش کەڵکی لێ وەرگرن.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەوان بەشداریان لە وەدەست هێنانی هەزینەکەیدا نەبووە. درێژەی ئەم وەزعە لە درێژخایەندا دەتوانێ ببێتە هۆی پێک هێنانی کەم و کەسری لەو خزمەتگوزاریە گشتیە دەوڵەتیەدا کە خەڵکی شارۆمەندی پێ بەرێ دەچێ. ئەمە گرفتێکە کە هەست پێ دەکرێ، چونکە هەرێمێک کە دەتوانێ لە

دامەزراوەی پەروەردە و زانکۆی هەرێمی دراوسێکەی کەڵک وەربگری، چیتر مەیلی نییە تا بە سەرمایەیکی زۆرەوە خزمەتگوزاریەکی دیکە وەئەستۆ گرێ، لە حاڵێکدا ئەو هەرێمانەی کە بەرهەم هێنەری ئەم خزمەتەن نە ئامادەیی ئەوەیان هەیە و نە لەباری ماڵیشەوە وەها توانایکیان هەیە. هەموو ئەو کەسانەی لە هەرێمەکانی دیکەوە هاتوون و دەیان هەوێ لەم ئیمکاناتە کەڵک و بەهرە وەربگرن لە بەرنامەرێژی خۆیاندا بیگونجێنن. لە ئاکامدا لە پانتایی خزمەتگوزاری دەوڵەتی کەم دەبێتەوە. لە سیستمی فێدراتیودا ئەم کاریگەریە دەرەکیانە دەبنە هۆی ئەوەی لە نێوان ئەو شارانەی کە لە بواری ماڵی و خزمەتگوزاریەوە تەیارن لەگەڵ ئەو ناوچانەی دراوسێ کە بێ ئیمکانات ئاڵۆزی و گیروگرفت پێک بێت. دیارە ئەم کێشانە تەنیا بۆ خزمەتگوزاریە باشەکان ناگەڕێتەوە. بەڵکوو دەتوانێ بابەت و دیاردەی مەنفیش لە خۆ بگرێ، بۆ وێنە کۆگاکانی پیشەسازی کە لە هەرێمێک یان شارێکدا ماڵیات دەدەن، بەڵام بۆ ناوچەکان یان شارەکانی دیکەی دراوسێ تەنیا وێرانی و پیس کردنی ژینگە بە دیاری دێنن. دیارە ئەم زەرەر و زیانەی سیستمی ناموتەمەرکز دەتوانرێ بە بڕیاری دابەش کردنی گوشار و قەرەبووی زیانەکان چارەسەر بکرێ. زۆربەی وڵاتانی فێدراتیو ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆریان بۆ کەم کردنەوەی

گوشاری ماڵی لەم بوارەدا و هەروەها قەرەبوو کردنەوەی ئاکامە خراپەکانی ئەم دیاردەیە پێک هێناوە.

یەکێکی دیکە لە لایەنە خراپەکانی سیستمی فیدراتیو کە بۆ هەرێمەکان و بەتایبەت شارۆمەندان دەتوانێ پێش بێت لە "بودجەی کۆچ" کردن دایە: لە وڵاتی فیدراتیودا هەرێمەکان خزمەتگوزاری و ئیمکاناتی جیاواز لە یەکتر وەگەڕ دەخەن. ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک و بەتایبەت شیرکەتەکان بەرەو ئەو هەرێمانە کە ئیمکاناتێکی زیاتریان هەیە و لە بواری ماڵییەوە باشترن و بنەمای خزمەتگوزاری دەوڵەمەندتر و پتەوتریان هەیە کۆچ بکەن.

دیاردەی کۆچ کردنی خەڵک و شیرکەتەکان لە هەرێمەکاندا شتێکی زۆر زیانبارە، چونکە لەم حاڵەتەدا لە توانای بەرنامە دارشتنی ئابووری و ماڵی و هەروەها هێزی خۆتەیارکردندا بە تەواوی هەست بە دابەزینی دەکرێ.

لە وەها هەلومەرجێکدا ئەگەر تەنانەت متمانەی یاسایی وەرگرتنی ماڵیاتیشیان لە پشت بێ ئەو کارە زۆر بەکەمی و بە پارێزەوە دەستی بۆ دەبەن، چونکە نیگەرانی ئەوەن کە شیرکەتەکانی ئەو هەرێمە بەرەو هەرێمێکی دیکە، کە ماڵیاتی کەمتری هەیە کۆچ بکەن و جەماوەرێکی زۆر لە کرێکاران . بێکار

بمێننەوە، ئالێرەدایە سەرەڕای هەموو باشیەکان ئاکامی مەنفی پێش بڕکێی نێوان هەرێمەکانمان بۆ دەردەکەوێ.

ئەو کێشانەی لە دیاردەی کۆچ دەکەونەوە دەتوانێ یەکێک لە ئاکامەکانی قەوارەی فیدراتیو بێت کە بۆ شارۆمەندان جێگای هەست پێ کردنی زیاترە. بۆ نموونە بەرەسمی ناسینی بڕوانامەی خوێندنگا و زانکۆکانە کە لە هەرێمێکی دیکە وەرگیراوە، و لە ئاکامی هاتوچۆدا وزەیەکی زۆری لە سەر دانراوە، ئەمە یەکێکی دیکە لە لایەنی مەنفی و خراپی فرەچەشنی کولتووریە کە پێشتر لە لایەنە باشەکانی دواین رەنگە بە رای بەشیک لە خەڵک و بە پێی روانگەکان و جۆری دامەزراندنی لەم سیستمەدا جۆرێک لە کەموکووڕی لە قەڵەم بدرێن. قەوارەی فیدرالیستی هەر وەک باسمان کرد ئەوەندەی ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆر لە بواری جیاوازدا هەیە کە پێش بە هەر چەشنە کەڵک وەرگرتنێکی ناسیاسی لە دەسەڵات بگرێ، بەم پێیە رەنگە بەشیک لە خەڵک بە هۆی بوونی ئەم میکانیزمە کە رەوتە سیاسیەکان بە زۆری ناخێرا و سست دەکەن، دەوڵەت وەک سیستمێکی بێ‌کفایەت و هەزینە هەڵگر کە لە پرۆسەی سیاسیدا بڕیارەکانی روون نییە، هەڵسەنگێنن، لێردایە کە ددانی خێر بە فرەچەشنیدا ناهێنن، بەڵکوو بە پێچەوانە رەخنەی لێدەگرن کە کارەکانی نارِوونە، و بە هۆی زۆری کارگێڕە سیاسیەکان و

نەزانینی ئەوەی کە کێ چ بەرپرسایەتیەکی هەیە، لێ تێگەیشتنی زۆر بۆیان سەختە. زۆر بوونی رێژەی ئیدارە و دەفتەری نوێنەرایەتیەکان بۆ وەدەست هێنانی ئەزموون و خاراو بوونی بەرەی سیاسی داهاتوو شتێکی حەیاتی و پێویستە، و رەنگە بە پێی لە سەرەوە بوونی فاکتۆری خەرج "هەزینەکانی رێبەری سیاسی" بە مەنفی هەڵسەنگێنن، هەر ئەم فاکتۆرە لەم ساڵانەی دوایدا لە لایەن ئەو هەرێمانەوە کە لە بواری ماڵی و ئابووریەوە تەیارن بووەتە بەڵگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەرێمە بچووک و کەم بەهرەکان.

لە ئاکامدا ئەوانەی کە لە مێژ ساڵە خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە سیستمی فیدرالی بە قازانجی گەشەی دەوڵەتی ناوەندیدان، نەبەمانەوەی شورای هەرێمەکان و نە بە دابەش بوونی هێزو دەسەڵاتی نێوان دەوڵەتی فیدراڵ و هەرێمەکان، بایەخێکی ئەوتۆ نادەن، چونکە لە باوەڕی ئەواندا ئەو یەکانگیری و لێک گەیشتنە بە هۆی دابەش بوونی هێز و لە ئاکامی وتووێژە و دانوستاندنی درێژماوەدا پێک دێن لە لایەک دەبنە هۆی لە دەست چوونی کات و لە لایەکی دیکەش دەبێتە هۆی ئەوە کە ناوەرۆکەکان لەم دانوستاندنانەدا بسوێ و گۆڕانکاری بنەڕەتی و جیدیان تێدا پێک بێت، ئەم نموونانەی باسمان کرد نیشانی دەدات کە هەڵسەنگاندنی خەڵک لە سەر سیستمەکانی فیدڕاتیو پێوەندی

هەم بەم روانگەی خەڵکەوە هەیە و هەم بەجۆری دامەزراندنی ئەم سیستمەوە، ئەوەی کە ئایا خەڵک جیاوازیەکانی نێوان هەرێمەکانیان لە بواری ستانداردی ئاسایشە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە لا گرینگە یان نە، پێوەندی بەوەوەیە کە ئەم جیاوازیانە هۆی دروست بوونیان چ بووە و چۆن هەڵدەسەنگێندرێن: لە کاتێکدا ئەو جیاوازیانەی کە لەم سیستمە فێدراتیوەدا هاتوونە پێش، شارۆمەند بتوانێ لە پێوەندی لەگەڵ زۆر بوونی ئەو ماڵیاتە لێکی بداتەوە کە دەوڵەتە هەرێمەکان وەری دەگرن ئەو کات وەک سیاسەتێکی دێمۆکراتیکی ئۆرگانە هەڵبژاردەکانی خۆی هەڵی سەنگێنێ رەنگە قەبوڵ و پەزێرا بوونی ئەو جیاوازیانە زیاتر بێت. بەڵام ئەگەر فێدرالسیم خۆی تەنیا سەرقاڵی بابەتە فولکولۆریکەکان کات، و قەوارە و پرۆسەکانی فێدرالیزم تەنیا وەک کۆمەڵێک ئۆرگان چاو لێکرێن ،ئەو کاتە ئەو فرەچەشنییەی کە دەبوو بەرز بنرخێندرێ، لە وەها هەل و مەرجێکدا رەنگە زۆر بە کەمی لایەنە خراپەکانی قەوارەی فێدرالیستی چاو پۆشی لێ بکرێ.

٧_ بابەتی رۆژ بوونی بۆچوونی فێدرالیزم لە ئاستی جیهاندا

سیستمی فێدراتیو بە پێی هەموو ئەو لایەنە باشانە کە هەیەتی سەیر نییە کە _سەرەرای هەموو ئەو عەیب و لایەنە

خراپانە کە دەتوانێ هەی بێت_ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە ئاستی جیهاندا ئەم جۆرە ڕێکخستنە دەوڵەتییەی لایەنگری زیاتر کۆبکاتەوە، گەرچی تا بە ئێستاش ڕێژەی ئەو دەوڵەتانەی کە بە تەواوەتی کاراکتەری فیدرالیستیان هەیە ڕادەیان کەمە، بەڵام زۆربەی وڵاتانی دونیا بەو میکانیزمە کار دەکەن کە لانی کەم توخمی فیدرالیستی و ناموتەمەرکزیان تێدایە.

ئەم ڕەوتە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە بنەمایەی کە لەم ساڵانەی دواییدا سیمای جیهانی دەوڵەتانی گۆڕیوە لە پێوەندی دایە.

"دەوڵەتی نەتەوەیی"[1] کە زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ بوو وەک نموونە و ئۆلگوێکی موعتەبەر بۆ ڕێکخستنی دەوڵەتی ڕەچاو دەکرا، بە تایبەت لە سەرەتای نەوەدەکانەوە جێ متمانە نەماوە، هۆکاری جۆراوجۆر لەم هەڵوێستە نوێیەدا هەیە کە لانی کەم دوو هۆیان پێوەندی ڕاستەو خۆی بە بابەتی فیدرالیزمەوە هەیە کە ئەمانەن: یەکەم ئەوەیە کە ڕێژەی "دەوڵەتانی نەتەوەیی" کە حازرن سەربەخۆیی کردەوەیی و یاسایی هەرچی زیاتر بدەن بەو ئۆرگانانە کە لە تەرکیبی فرە نەتەوەیی پێک هاتوون زیادی

[1] مەبەست ئەو دەوڵەتانەیە کە سەرەڕای ئەوەی لە چەن نەتەوەی جۆراوجۆر پێک هاتوون تەنیا نەتەوەیەک خاوەن ڕا و دەسەڵاتە، نەتەوەکانی دیکە مافی بەشداری کردنیان لە سەروەری و دەسەڵاتی سیاسیدا نییە، ئەم سیستەمانە بە "دەوڵەتی تاقانە _تاکە نەتەوە" ناو دەبەن.

کردووە. لەم بوارانەدا خواستی سەربەخۆیی نەتەوە و گەڕانەوە بۆخۆ جێگەی خۆی دەدا بە مەیل بە هاوکاری بە پێی ئەنگیزە سیاسی و ئابووریەکان. هەنووکە نزیک بە یەک لە سێی هەموو وڵاتانی دونیا واتە ٦٠ وڵات لە هاوپەیمانانی بەڵێندار بە کاراکتەری کونفێدرالیستی پێک هاتوون، تەنانەت ئەگەر ئەم هەولانە لە داهاتوویەکی نزێک دا نەبێتە هۆی پێک هێنانی دەوڵەتی فێدرالیستی، دیسان ڕەوتی بە هێز کردن و گەشەدانی قەوارەی فرەنەتەوەیی لەم وڵاتانەدا لە پێوەند لەگەڵ باسەکانی بۆچوونی فێدرالیستیدا بایەخی زۆری دەبێ.

_ مەیل بە هاوکاری چڕوپڕتری نێونەتەوەیی و پێک هێنانی ڕێکخراوەی جیهانی گونجاو، دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن لەم ڕستە مێژوویە کە بوونی کێشەی هاوبەش _بۆ وێنە کەوتنە مەترسی ژینگە و سەرچاوە سروشتیەکانی ژیان_ هەڵوێستی هاوبەشی پێویستە. بەم پێیە گەلاڵەی دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ ئەم گرفتە ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە زۆرێک لە گیروکێشەکان ناتوانێ لە سەر بنەمای سیاسەتی دەوڵەتی نەتەوەیی چارە سەر کات.

_ یەکێکیتر لەو هۆیانەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی وەک تەنیا ناوەندی بڕیاردەر و بەڕێوەبەر بایەخی نەماوە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە گەلاڵەی فێدرالیەوەیە. سەرەڕای ئەمانە خۆشحالی بە سەرکەوتن گەیاندنی لایەنگرانی زۆر شێلگیری

گەلاڵەی فێدرالیزم بە سەر گەلاڵەی نەتەوەیشدا تەنانەت سنووریکی هەیە. ئەمەش بەم هۆیە کە رەنگە ئاوڕدانەوە لە قازانج و باشیەکانی ڕێکخستنی فێدراتیوی دەوڵەتی وەک نیشانەکانی قەیران و ناسەقامگیری چاولێبکرێ. وڵاتانێک خۆیان لە بەرابەر ئەم نیشانانەی قەیران و تەنەنات هەڵوەشاندنەوەیەدا دەبینن، کە چیتر ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کە پێشتر یەکیەتی لە سەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەی دەپاراست ئەما بێت و بزوتنەوەی جۆراوجۆر ناسیونالیستی یەکیەتی وڵات بخەنە مەترسیەوە.

لە وەها هەل و مەرجێکدا توانست و دەورێک کە فێدرالیزم بۆ ائەنتگراسیون؛؛ اراکێشاوی و تێکەلاوی‌ایە قەومیەکانی کۆمەڵگا هەیەتی بەرجەستە دەبێ و خۆی دەردەخات. لە وەها هەل و مەرجێکدا ئەرکی بنەمای فێدرالیزم ئەوە دەبێ دژایەتیە و قەیرانە قەومییەکانی کۆمەڵگا چارەسەربکات. بایەخی ئەم دەورەی فێدرالیزم بە تایبەت ئەو کاتە روون دەبێتەوە کە سەرنج بدەینە ئەو ١٨٥ دەوڵەتەی کە سەربەخۆییان بە رەسمی ناسراوە و لانی‌کەم ١٧٠ دەوڵەت بافتی قەومی فرە چەشەنیان هەیە، و لە ئاستی جیهاندا ٣٠٠٠ گروپ هەن کە خۆیان بە نەتەوە و خێل دەزانن، بۆ چوون و شێوەی ڕێکخستنی فێدراتیو بۆ ئەم مەبەستە گەلاڵە دەکەن تا هاوکات لەگەڵ بەرێوە بردن و

وڵامێکی گونجاو بە خواستی ئەم نەتەوانە، میکانیزمێک پێک بێنن کە وڵات و تاکە دەوڵەتی بە تەواوی لە بەریەک هەڵنەوەشێ.

بە تایبەت لە پاش ئەو برگە زەمانییەی لێک هەلوەشانی یەکیەتی شۆرەوی و وڵاتانی کۆنی بلوکی رۆژهەڵات رێکخستنی فێدرالی دەوڵەتی بۆ وڵاتانێ کە لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی رووبەروون بایەخێکی زۆری پەیدا کردووە. لە زۆربەی ئەم وڵاتانە ئەو کێشانەی کە بە هۆی قەیرانی قەومی سەریان هەڵداوە ئەوەندە گەورەن کە تەنیا بە میکانیزمی فێدرالیستی دەتوانرێ یەکپارچەیی وڵات بپارێزرێت، بۆ وێنە یوگسلاوی پێشوو دەریخست کە زۆر جاران قەوارە فێدرالیستیەکانیش توشی گیروگرفتی ناوخۆیی دەبن. کۆماری فێدرالی یوگسلاوی _ هەروەک یەکیەتی شۆرەوی پێشوو_ تەنانەت لە ئاستی وڵاتانیتری ئورووپایی فرەچەشنی نەتەوەیی کولتوری بێ وێنەیان هەیە.

رێبەری کاتی یوگسلاوی لە سەرەتادا پشتی بەو سوننەتەی خەباتی رزگاریخوازانە بەستبوو کە ناوەرۆکێکی ئیدئۆلۆژیکی هەبوو و لە یەکگرتوویدا دەور و نەخشی بوو، بە تایبەت پاش هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەتی کە لەم توخمانە بێ کەڵک مانەوە، بۆ خەڵکی یوگسلاوی بە باشی دەرکەوت، لەم بابەتانە کە ماوەیەکی زۆر خەڵکی پێ لەدەوەری یەکتر کۆ کرابووەوە و

هەڕەشەی لە ژیانی خەڵک دەکرد چەندە بێ ناوەرۆک و لەرزۆک بوو.

بۆیە زۆر نارەوایە ئەگەر بگوترێ کە دەست پێ کردنی شەڕی ناوخۆیی باڵکان نیشانیداوە کە قەوارەی فێدرالیستی ناتوانێ جەماوەر یەکگرتوو بکات و هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستمانە حاشا هەڵنەگرە.

بابەتێ کە راستیەکانی یوگسلاوی دەردەخات ئەوەیە کە ئەو فێدرالیزمەی کە لە سەرەوە دادەسەپێ و هیچ پێگەیەکی جەماوەری و سەراسەری بۆ چەسپاندن و هەروەها سەلماندنی حەقانییەتە دێموکراتیکەکان نییە هەر کە توانایی زەبر و زەنگی نەما تووشی شکست دەبێ. مەگەر جیاوازە لەو نموونە کە یوگسلاوی پیشانیدا کە چەندە بۆ سیستمی فێدراتیو و ئەندامان و جەماوەرەی خولقێنەری مەترسیدارە، کە خێل یان قەومێک، بۆ وێنە لەم بوارەدا سربەکان بالادەستی خۆیان بە سەر خەڵکانیدیکەدا داسەپێنن و لە مافەکانیان بێ بەشیان کەن.

گەرچی ولاتی چکسلەواکی لە ساڵی ١٩٦٨ەوە بە سیستمێکی فێدراتیو ناوی لێ دەبرێ، بەلام ئەم ولاتە لە بنەڕەتدا سوننەت و ئەزموونەکانی فێدرالیستی نەبوو و هۆی دابەش بوونی لە ساڵی ١٩٩٢ بە دوو ولاتی سەربەخۆ هەر لەم راستیە سەرچاوە دەگرێ، و لە هەمان کاتیشدا ئەم دەزگایە نەیدەتوانی لە رەوتی بەڕێوە

بردنی یاسای بنچینەییدا بە شێنەیی سیستمێکی فیدرالیستی پێک بێنێ. نەبوونی ئەزمونێکی زۆر بۆ پێوەندانی سەرکەوتوانەی خواستی سەر بەخۆیی و خودمختاری ناوچەیی بە هیوای پێک هێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوبەش، بووەهۆی ئەوە کە بە لە بەر یەک هەڵوەشانی یەکیەتی رۆژ هەڵات ، لە نێو خۆی کۆمەڵگادا جیایی قەومی سەر هەڵبدات، بزوتنەوەی ناسیونالیستی بە تایبەت لە کۆماری ناوچەیی سێلواک نەچووە ژێر باری پێک هێنانی دەوڵەتێکی هاوبەش و لە هەوڵی دروست کردنی وڵاتێکی نەتەوەیی سەربەخۆدا بوو کە بە ئاکامی خۆی گەیشت. بە هۆی بارو دۆخی نەگونجاو و هەر وەها قەوارەی خراپی ئابووری زۆربەی هەرە زۆری سێلواکەکان ئێستاکە ئەم هەنگاوە بە خەتا وتاوان هەڵدەسنگێنن ، لە هەمان کاتدا چێکەکان کە لە سەرتادا دژی ئەم جیابوونەوە بوون ئێستا هەست بەوە دەکەن بەم هەنگاوە کێشەکانیان چەند قات کەمتر بووەتەوە.

ئێستا لە کانادا ئەم پرسیارە گەڵاڵە بووە کە ئایا دەتوانرێ لە رێگەی ئاڵوگۆڕی سیستمی فیدراتیوەوە پێش بە دابەش بوونی هەرێمەکان یان ناوچەکانی وڵات و هەر وەها هەڵوەشانەوەی وڵاتی فیدراتیو بگیرێ؟ ئەگەر وڵام موسبەتە چۆن مسۆگەر دەبێ؟

پارێزگای فەرانسی زمانی کوبێک لەو هەڵبژاردنەی کە لە ئۆکتوبری ١٩٩٥ بەرێوە چوو، تەنیا بەشێکی کەمیان دەنگیان بە مانەوەی سیستمی فیدرالیودا. لەو کاتەوە لەسەر ئەوە کۆک وتەبان کە سیستمی فیدرالیو لە کانادا دا_ کە دەوڵەتی ناوەندی لانی کەم بە پیی یاسای بنچینەیی ئاستێکی ئارادەیەک بە هێزی تێیدا هەیە_ پێویستی بە گۆرانە ، بەڵام ئەوەی کە ئەم ئاڵوگۆرە ناموتەمەرکزە چ ناوەرۆکێکی گونجاوی دەبێ هەبێت، جیاوازی بۆ چوونێکی زۆر لە نێوان کوبێک کە دیانهەوێ تایبەمەندیەکانیان لە یاسای بنچینەییدا بنووسرێ و رەسمیەت پەیدا بکات، لەگەڵ هەرێم و ناوچەکانی دیکە دروست کردووە، بە هۆی فرەچەشنی و پرژو بڵاوی فەرهەنگی و کولتوری و قەومی و هەروەها بە هۆی گیرو گرفت و ئاڵۆزیەک کە لە ئاکامی ناهاوشێوە بوونی کۆمەلایەتی سەر هەڵدەدا سیستمی فیدرالیو لە کانادا کەوتووەتە مەترسیەوە. بۆ رزگار بوون لەم مەترسیە دەبێ زۆربەی خەڵک و نوێنەرانیان حازر بن لەگەڵ نوێنەرانی پارێزگای کوکب رێک بکەون. چونکە هەر رێگایەکی دیکە بگرنە پێش دەبێ لە باری سیاسی و ئابووریی و فەرهەنگیەوە مایەیێکی زۆر زیاتر لە خۆ دانێن..

لە چوار چێوەی سیستمی فیدرالیوی بلژیکیش دا رەوتەکان پڕ جم و جوڵ و پرکێشە دێنە بەرچاو، بۆ گەیشتن بە ئامانجی

فیدرالیزە کردنی کامڵی ئەم وڵاتە لە سپتامبری ١٩٩٧ سێیەمین هەنگاو واتە ئاخرین هەنگاو بە پێی بەرنامەی لە پێشدا دارێژراوی کۆتایی قۆناغی گۆڕانکاری سیستمی سیاسی هەڵگیرا...

ئەگەرچی گۆڕانکاری قەوارەی دەوڵەتیٔ کە لەو کاتەدا پەسەند کردنی دەسەڵاتێکی بەرینی بۆ ناوچەکانی فلەندرن والونین و بروکسل بە شوێنەوە بوو!

بەڵام لێرەش دا وا دەردەکەویٔ کە قەوارەکانی فیدراتیو ئەوانەی کە خوازیاری دەسەڵات و سەربەخۆییەکی زیاترن رازی و پێمل ناکات، بەم پێیە بۆچوونەکان لە بلژیکیش هەر وەک کانادا وایە. رێکخراوی گروپە فلامییەکان کە پێگە و نەفووزێکی زیاتریان هەیە، وەک دژ کردەوە لە بەرابەر باڵادەستی زۆرەملی والونیی فەرانسی زمان اکە وەک سەرکوتگەری کولتوری ناودەبرێن، گۆڕانکاری سەرلەنوێی ئەم قەوارەی فیدراتیوە رەت دەکەنەوە و خوازیاری جیایی فلاندرن لە والونین و بروکسلن . دیارە بەم نموونانەی کە باسمان کرد نابیٔ خێرا ئەم نەتیجەیە بگرین کە بە پێچەوانەی ئەوەی لە سیستمی فیدراتیو چاوەڕوان دەکرا توانایی یەکگرتوو کردن و پێوەندی دانی گەلانی نییە، بە پێچەوانە رەوتی ئەو وڵاتانەی کە باسمان کرد ئەوە دەسەلمێنیٔ کە قەوارەکانی فیدرالیستی تەنیا کاتیٔ دەتوانن بۆ یەکیەتی و تێکەڵاوی گروپە قەومیە جۆراوجۆرەکان دەوری خۆیان بگێرن کە

ئەو سیستمە فیدڕاتیوەی کە لە یاسای بنچینەییدا نووسراوە بەرادەی پێویست کراوە و شیاوی گۆڕان بێت، بۆ ئەوەی کە بەو هیوا و خواستانەی گەلاڵە کراون بە شێوەی گونجاو و تەفاهوم ئامێز بتوانن کارەکان مەیسەر کەن.

تەنیا کاتێ کە ئەم سیستمە توانایی گۆڕانکاری پێویست بۆ خۆگونجاندنی بەردەوام لەگەڵ هەل و مەرج و خواستەکانی خەڵکی نەبێ، رەنگە نارەزایەتی ناوچەکان و یان بەشێک لە خەڵک ببێتە هۆی چوونە دەر لە سیستمی فیدڕاتیو.

بارودۆخی بلژیک_ ولاتێک کە پێشتر تاکەخواز بوو و بە رێژەیەکی زۆر بڕیار و دەسەلات تێیدا لە لایەن ناوەندەوە دەدرا و دادەسەپا (رێژەیکی زۆر کەمی ناموتەمەرکز بووا)، هەروەها کانادا کە سالانێکی زۆر دەسەلاتداری و بڕیاردانی ناوەندی و تاقانە خوازی تێیدا بە پێوست دەزانرا؛ ئەم تێزە بەگونجاو دەزانن کە لە ولاتانی فیدرالیستی پێشکەوتووی مۆدێرنیشدا،دەتوانرێ مەیلی تەمەرکوزگەرایانەهەبێ. ولاتانی فیدڕاتیو سیستمیکی زیندو و چالاکی روو لە گەشە و تەکامولن کە جوولە وگەشەیان پێوەندی بەم فاکتەرە جۆراوجۆرانەوەیە: بافتی خێڵەکی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگا،کولتوری سیاسی، ناسنامەی‌نشتمانی نەتەوەیی،بنەمای یاسایی و بە تایبەت هێزە سیاسیەکان بۆ وێنە لە سیستمی فرە حزبیدا.

سەرچاوەکان

۱. بروانە لاپەڕی ۷۳ لە:

magiera، siegfried: foderalismus und subsidiaritat als Rechtsprinzipen der Europaischen Union In:schneider.Heinrich، Wessels،wolfging(Hrsg):Union،1994

وەلە پێوەند لە گەڵ تاریفەکانی دیکە بروانە لاپەڕی ۸۰ و... لە:

Frenkel، Max: foderalismus und desstaat. Band1: foderalismus، system، Recht und probleme. desBundesstaates im Spannungsfeld von Denokratie und Foderalismus. Bern u .a.lang 1986

۲- بروانە لاپەڕی ۵۲۰ ی :

Isensee، Josef، Kirchhof، paul (Hrsg.): Handbuch des Staatsrechts der Bundesrepublik Deutschland.Bd. II: Demokratische Willensbildun_die Staatsorgane des **Bundes** . Heidelberg:Muller، 1987

۳- لە پێوەند لە گەڵ شکڵ و شێوەی جیاوازی سەنترالیزاسیون و دسەنترالیزاسیون بروانە :

Schuster، Franz:Dezentralisierung des politischen Handelns(III) . Konzeption und Handlungsfelder. Hrsg. Im Auftrag der Konrad_Adnauer_Stiftung. ImRahmen der projektgruppe Dezentralisierung politischen Handelns erstrllt.Institut fur Kommunalwissenschaften in Zusammenarbeit mit der Konrad_Adnauer_Stiftung e. V.، St. Augustin. Melle: Knoth 1087 (Forschungsbericht 61 der Konrad_ Adnauer_Stiftung

٤-بڕوانە ل-٥٨٧ لە :

Benz. Arthur: Perspektiven des Foderalismus in Deutschland. In: Die offentliche Verwaltung 44(1991)

٥- بڕوانە ل -٤٨ و... لە:

Benz. Arthure: Foderalismus als dynamisches System. Zentralisierung und Dezetralisierung Im foderativen Staat. Opladen: Westdeutscher Verlag 1985

٦- لە پێوەند لە گەڵ گۆڕانی سیستمی فیدرالیستی و سیستمە ئاقانە و موتەمەرکزەکان لە ئاکامی سیاسەت و کردەوەکانی دەوڵەت سەرنج بدە:

Hesse، Joachim Jens: Benz، Arthur:Die Modernisierung der Staatsorganisation. Iinstitution Poolitik im internationlen Vergleich: USA، GroBbitannien، Frankreich، Bundesrepublik Dutschland. Baden_Baden: Nomos 1990

٧- بۆ زانیاری سەبارەت بە بایەخی ناوچەکان لە یەکیەتی ئورووپادا و پێگە و جێگەیان لە ولاَتاندا سەرنج بدە:

Farber، Gisela: Forsyth، Murray (Hrsg.):Regions_Factors of Integration or Desintegration In Europe? Baden_Baden: Nomos 1996 (Deutsches Institut fur Foderlismusforschung e. V.، Hannover، Foderlismusstudien Bd . 8)

٨- بڕوانە ل-٣٧٢ لە:

Hrbeck، Rudolf: Die Regionen in der Europaischen Union. In: Schneider، Heinrich، Wessels، Wolfgan (Hrsg.)، Union، 1994

٩- بڕوانە:

Onestini، Cesare: Regional Policy option: A Synopsis. In:Hesse، Joachim Jens (Hrsg،)، Regionen، 1906، S. 192_220

١٠- بڕوانە:

Lhottar، Roland: Der ،، Verkokste Bundesstaat`` _Anmerkungen zur bundesstaatlichen. Reformdiskussion. In:Zeitschift fur Parlamentsfragen 24 (1993)، S. 117_132

١١- لاپەڕی ٢٤٤٩ لە:

Schneider، Hans_peter: Die bundesstaatliche Ordnung im vereinigten. Deutschland. In: Neue Juristische Wochenschrift 44 (1991)

هەر وەها لاپەڕی ٢٠٨ لە:

Haberle، peter. Die Entwicklung des foderalismus in Deutschland_insbesondere in der Phase der Vereinigung. In: Kramer، Jutta (Hrsg.): Foderalismus، 1993

١٢- بڕوانە:

Schneider،Hans_peter: Die bundesstaatliche Ordnung im vereinigten Deutschland. In: Neue Juristische Wochenschrift 44 (1991)، S. 2448_2455

١٣- سەرنج بدە پێرستێ ئەم تایبەتمەندیانە لە لاپەڕی ٢٤ی سەرچاوە:

Kisker، Gunter: Ideologische und theoretische Grundlagen der bundesstaatlichen Ordnung in der Bundesrepublik Deutschland_Zur Rechtfertigung des Foderalismus. In:Bender ،Ernts(Mitverfasser)،Foderalismus، 1985

١٤- چەن ژمارەیەك لێكۆڵینەوەی فیدرالیستی لە ئەمریكا لە لاپەڕی ٣٢ی سەرچاوەی ژمارە٥ دا هاتووە بی خوێنەرەوە.

١٥- بڕوانە لاپەڕی ٤٨...لەسەرچاوەی ژمارە ٥.

١٦- بڕوانە لاپەڕی ١٠ لە:

Triepel، Heinrich: Unitarismus und Foderalismus im Deutschen Reiche.Eine staatsrechti_Che und politische Studie. Tubingen:Mohr (Siebeck) 1907

١٧- سەیری سەرچاوەی ژمارە ١٢ لە پەراوێزدا کەن.

١٨- بۆ خوێندنەوەی پێرستی لایەنە باش وخراپەکانی سیستمی فیدرالیو بڕوانە لاپەڕی ١٣...:

Nice، Dawid C.: federalism. Thepolitics of Intergovernmental Relations. New York: St. Martin"s press 1987

هەر وەها بڕوانە:

Bothe، Michael: Foderralismus: Ein Konzept im geschichtlichen Wandel. In:Evers، Tilman (Hrsg.)، Ffoderalismus، 31_1994، S. 19

١٩- بڕوانە لاپەڕی ٣٤ و ....:

Hubner، Emil: parlament und Regierung in der Bundesrepublik Deutschland. Munchen: Bayerische Landeszentrale fur politische Bildungsarbeit 1995 (Arbeisheft 25)

٢٠- بۆ زانیاری زیاتر و بەڵگە ئاماریەکانی سەبارەت بە سیستمی فیدراتیو لە ئاستی جیهاندا چاپی دووهەمی ئەم کتێبەی خوارەوە چاو لێ کەن:

Elazar، Daniel J. (Hrsg،): Federal aystems of the World . A handbook of federal، confederal und autonomy arranemets.London. Longman 1994

بۆ باس کردن و هەڵسەنگاندنی دەوڵەتانی جۆر بە جۆری فیدرالیستی بڕوانە:

Villiers، Berus de (Hrsg.):Evaluating federal system. Dordrecht u.a.: Nijhoff 1994

٢١- بڕوانە:

Monch، Ursula: Sozialpolitik und Foderalismus. Zur Dynamik der Aufgabenverteilung im Sozialen Bundesstaat. Opladen: Lesk +Budrich 1997

An Introdction to Federalism in Germany